https://doi.org/10.26682/chjuod.2021.24.1.7

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 113-130، 2021 (ژمارەکا تایبەت)

کونفرانسێ زانستی یێ نیڤدەولەتی یێ دووێ، پشکا مێژوو-کولیژا زانستێن مروڤایەتی-زانکویا دهوك-رێکەفتی 24-25 شوبات، 2021

# وێنەی کورد و کوردستان لەلای ڕۆژهەڵاتناسان لە بڵاوکراوەکانی ئەڵمانیادا لە سەدەی نۆزدەهەم، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەیی

احمد طارق جميل

زانکۆی ڕێگنسبۆرگ-ئەڵمانیا

*((مێژوویا وەزامەندیا بەلاڤکرنێ: 23 شوبات، 2021))*

## پێشەکی

کوردستان بەهۆی پێگە جوگرافییە ستراتیجیەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر لە کۆنەوە بۆتە جێگەی سەرنج ڕاکێشان وململانێی هێزەکان ئینجا چ هێزەکانی ناوچەکە یاخود زلهێزەکانی جیهان بوبن. هەر لە سەرەتادا کوردستان لەنێو کێشمەکێشمی سەربازی و ژێردەستی زۆری ناڵاندوە و هێرشی بە بیانو و هۆکاری جیاواز لەلایەن داگیرکەرانی کراوەتە سەر. هەروەها وێنەی کوردیش لە لای جیهانی دەرەوە و گەڕۆک وڕۆژهەڵاتناسان دا شێوێندراوە.

**ئەوەی شایانی باسکردنە لێرەدا ئەوەیە کە گرنگی ئەو لێکۆڵینەوە لەوە دایە کە ئەو سەرچاوانەی بەکارم هێناون زۆر کۆنن و تاکوئێستا وەرنەگێردراون بۆسەر زمانی کوردی.**

لەم لێکۆڵینەوەدا ولەتەوەرەکانیدا بۆئەوەی بزانین کە لەو کاتەدا ڕۆژئاواییەکان بەگشتی و ئەڵمانەکان بەتایبەتی بە چ چاوێک سەیری کوردیان کردوەوچۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردوە. وە لەبڵاوکراوەکانیان چۆن و بە چ شێوەیەک دەربارەی کوردیان نووسیوە. دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بڵاوکراوەکانی ئەوسەردەمە و گێرانەوکانیان دەربارەی کورد و هەڵسەنگاندنەکانیان. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نمونە لەچەند تەوەرێکی جیاواز لێرە باس دەکرێت و هەڵسەنگاندنی بۆدەکرێت.

لە تەوەری یەکەم دوای دەرخستنی گرنگی نووسین و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی کورد لەلای ڕۆژهەڵاتناسان. دوا بە دوای ئەوە هەوڵ دەدەین ئەوە بخەینە ڕوو کە لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی هەوڵێکە بۆخستنە ڕووی گێڕانەوەی بیروڕای گەڕیدە ونوێنەرو نوسەرو ئەفسەرو سەردانیکەرانی کوردستان لە گرنگترین بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسیدا لە ئەڵمانیا، کە دەربارەی کورد و کوردستان لەسەردەمەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کاتی خۆی بڵاوکراوەتەوە .هەروەها بۆئەم مەبەستەش تایبەت چەندین گۆڤارو بڵاوکراوە هەبوە کەلێکۆلینەوەکانیان لەسەر مێژوو و جوگرافیاو فیلۆلۆگی وئێتنۆلۆگی میللەتانی ڕۆژهەڵات وجیهان و کورد تیادا بڵاو کراوەتەوە.

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمان زۆر لە گەشت و نوسراو و لێکۆڵینەوەی ئەوروپایی یەکانی تریشیان وەرگێڕاوە بۆ زمانی ئەڵمانی ولە گۆڤارەکانیان بڵاویان کردۆتەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە لەلایەن ئەفسەرو نێردراوە ئینگلیزەکانەوە نوسرابون.

لێرەدا ئەوە دەردەخەین کە چۆن بە هەڵەو دور لە ڕاستی لەگێرانەوەی گەشتەکانیان باس و وەسفی کوردیان کردوە و وە چۆن و بە چ شێوەیەک کەوتونەتە ژێر کاریگەری دوژمنان و نەیارانی کورد بێ ئەوەی هەست بکەن. لێرەدا هەوڵمداوە منیش وەڵام و تێڕوانینەکانی خۆم بخەمە ڕوو.

وەدیارە لەبەر گرنگی وتایبەتمەندی ئەو گەشتانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتەکان لە گرنگترین گۆڤاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئەوسەردەمە بەناوی **<u>ئێردکوندە</u> واتە بەکوردی زەوی ناسی** بڵاوکراونەتەوە، کە وەک نموونە باس لە هەندێکیان دەکەین. هەروەها لەگەڵ چەند پەرتوکێکی تر وەک سەرچاوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەیخەینە ڕوو.

ئەوەی شایانی باسە باسی هەندێک لە ڕۆژهەڵات ناسانی ئینگلیزیش دەکەین تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە تا چ ڕادەیەک بیروڕای ئەورووپی یەکان بەیەکتر کاریگەردەبن و لەبەرچی گەشتی ئەوانیش دەکرێتە زمانی ئەڵمانی و لە گۆڤارە ئەڵمانیەکان بڵاودەکرێتەوە. وە هەتا چ ڕادەیەک ئامانجی گەشتەکان یەکی گرتۆتەوە و

jamil.ahmad@hotmail.de

ڕوونی دەکاتەوە چەند پەیوەندیان پێکەوە هەبوە. و چۆن و تا چ ڕادەیەک بە ڕای یەکتری کاریگەر بوون.

لەهەمان کاتدا خۆی لەخۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند کێبڕکێیەکی توند لەمابەینی هێزە ئەوروپاییەکان و ڕۆژئاواییەکان هەبوە بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی کورد و کوردستان و ناوچەکە کۆبکەنەوە.

سەرباری هەموو گیروگرفتەکان بەڵام توانیم کە دۆکۆمێنت و نووسراوێ گونجاو پەیدا بکەم کە لەکاتی خۆی بە زمانی ئەڵمانی کۆن و قەیسەری نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە، کە یەک لە گیروگرفتە باوەکانە بەڵام دوای هەوڵێکی باش کە پێش وەخت لەکاتی خوێندنی ماستەرەکەم دابووم بۆئەوەی خۆم فێری خوێندنەوەو نوسینی قەیسەری بکەم کە سوودێکی باشم لێ وەرگرتبو بۆ ئەوەی بتوانیم بەئاسانی لە نووسینەکان تێبگەم و بۆ زمانی کوردی وەریبگێڕم.

وە هەر بۆیە لێکۆڵینەوەکەم وەک ئەوەی لەخوارەوە دیاریم کردوە بەسەر ئەوبەشانە دابەش کردووەو بۆ چوار تەوەر کەلە چەندین سەرچاوە پێکهاتوە :

لە تەوەری یەکەم و دەستپێکی سەرچاوە بۆمەبەستی لێکۆڵینەوە بریتیە لە گۆڤاری **نێردکوندەی زەوی ناسی** ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی کە تیایدا گەشتی چەندین گەشتیاری ئەڵمانی و ئەوروپی بۆ کوردستان و ڕۆژهەڵات بڵاوکراوەتەوە.

لە تەوەری دووەم باسی چەند سەرچاوەپەڕتوکیک دەکەم لەوانە : پەڕتوکێکی هێرمان ڤامبێری و هەروەها گەشتەکانی د.ئێدوارد ساخاو وسەرچاوەی چوارەم پەڕتوکێکی باڕون ئەدوار نۆڵدەیە .

هەروەها لە **تەوەری سێ یەم مەسەلەی کوشتنی پرۆفیسۆر شۆڵتزی ئەرخیۆلۆگی ئەڵمانی لەساڵی ١٨٢٩ باس دەکەم.**

وە لە تەوەری چوارەم سەرچاوە پەڕتوکی مێژوویی هەڵمەتە سەربازیەکان لە ئاسیای تورکیا لە ساڵەکانی ١٨٢٨-١٨٢٩-ا،گ، لایملاین، ئۆبریس ئوشاکۆف وەریگێڕاوە، لایبزیگ، ب ١، ١٨٣٨.

ئەلێرەدا لەدوایی لەمابەینی زۆرانبازی عوسمانی و ڕوسەکان کە لەناوچەی کوردەکان ڕوویداوە، ڕۆڵی کوردمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لەم زۆرانبازیە سەربازیەدا. هەروەها دەبینین چۆن وە بە چ شێوەیەک هەریەکە دەڕواننە کورد وە چۆن هەریەکەیان لە تێروانینی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا کورد هەڵ دەسەنگێنی.

لەهەمان کاتدا ئەوەشمان دەکەوێتە بەرچاو کە ئەو گەڕیدانە ونوسەرانە کورد وەک هێزی دەسەڵاتدارو بەڕێوەبەرناناسێنن وبەڵکو لە نوسین و گێڕانەوەکاندا هەریەکە لەوانە باسی کورد و میرنشین وجولانەوەکانی بە دزو جەردەو ڕێگر دەخەنە ڕوو. بۆئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک ڕاستیەکانیان نوسیوەو تا چ ڕادەیەک بیرو ڕاکانیان کەوتوتە ژێر کاریگەری ناحەزان ودوژمنانی کورد و توشی ناڕاستی لەدەربڕینی نوسینەکانیان بوون هەندێک نمونەی نوسینەکان وبڵاوکراوەکان دەخەمەڕوو، لەکۆتاییشدا دەرئەنجامی کۆتایی لێکۆڵینەوەکە دەخەینە ڕوو.

## تەوەری یەکەم
## گرنگی کوردستان و وێنەی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە بڵاوکراوەکانی ئەڵمانیدا

لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا گەڕیدەو لێکۆڵەرەوەکی زۆری ئەوروپی سەردانی کوردستانیان کردوە هەروەها هەندێک لە و کەسانەی کە دەربارەی کوردیان نووسیوە ئەڵمان بوون وە دیارە بەهۆی جیاو لەبەر هۆکاری جیاواز سەردانی کوردستانیان کردوە، وە لێرە ئەوە دە سەلمێنین کە چۆن باسی کوردیان بە کەمی وبە بێ ڕێزی کردوە بێ ئەوەی تێی بفکرن کە باسی میللەتێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، کەئەوەش بە ڕای من بێ هۆ نیە، و دەبێ هۆکاری شاراوەی لەدوادا بێت کە وا دەکات کە کورد لە جیهاندا بەم شێوە شێواویە و ناڕاستیەی بناسێنرێت. هەروەها وای لێ کراوە لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە زۆر سنوردار ببێت، پێم خۆشە لێرەدا و لە لێکۆڵینەوەکەدا بۆئەو مەبەستە وەک نمونە چەندین نووسین ی ئەوروپاییەکان هەیە بیانخەینە ڕوو و تیشکیان بخەینە سەر کە ڕەنگە

jamil.ahmad@hotmail.de

ئەو کاریگەریانەمان بۆ ئاشکرابکات کە لە پشت دواکەوتویی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کورد بووبن . لەبەرئەوەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان و ئێرانیەکان لەلایەکی تر بووە دیارە هەردەم بۆ ئەوڕوپایی یەکان گرنگی یەکی تایبەتی هەبووە وەک بەشێک لەم ئیمپراتۆریەتانە. هەر بۆیەش هەوڵ دراوە دەربارەی کوردستان لێکۆڵینەوە بکەن.

بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر لە ئەفسەرو ڕاوێژکارە ئەوروپی یە سەربازیانەی بەمەبەستی یارمەتیدان و نوێکردنەوە و بەهێزکردنەوەی سەربازی ڕەوانەی دەوڵەتی عوسمانی کراون بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەو نوێکردنەوەو دامەزراندنی سوپای عوسمانی بەشێوەیەکی مۆدێرنانە و بەهێز بۆ گێرانەوەی بەڕێوەبەرایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتیان دەرچوبو بە هۆی ڕاپەرینی خەڵکەکەی واتە بۆ بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی زۆریان لەنوسینەکانیان نایانەوێت باس لەکورد بکەن وەک هێزی شۆڕشگێر و ئازادیخواز بەڵکو زیاتر وەک یاخیبوو و تێکدەر باس لە کورد دەکەن ئەوەش لەبەر ئەوەی کار و ئامانج و ئەرکەکانیان دیارە . وە دیارە بۆچی چوون بۆ ناوچەکە وەک جەنرال **فۆن مۆڵتکە ی ئەڵمانی کە** لە نامەکانی لە پەڕتوکێکدا بەناوی (کۆکراوەی دەست نوس و تێبینی یەکانی جەنەڕاڵ مارشاڵی مەیدانی گراف هێڵمۆت فۆن مۆڵتکە) لەساڵی١٨٩٣ لە پەرتوکیکدا بڵاوکراوەتەوە.

لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەش لەبیربکەین کە چەندین نووسەرو لێکۆڵەرەوە هەن کە سەردانی کوردستانیان کردوە و زۆر بە ڕیزو سەربەرزی و ئازایانە وبە میوان دارو مرۆڤ دۆست وسەخاوەتەوە باسی کورد دەکەن. ئینجا بۆیە بۆدەرخستنی ڕاستیەکان گرنگە ئەو جیاوازیانە بخرێنە ڕوو. ئەوەش بەڕای من دوو ڕاییە ئەوە دەسەلمێنیت کە لە هەندێک شوێندا ئەو نوسەرانە کەوتونەتە ژێر کاریگەری دەرەکی و خەڵکێکی تر لە ڕایەکانیاندا.

بەڵام لەبەر گرنگی ئەو نووسینانەوە هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر چەند نووسینێک، بەتایبەتی ئەوانەی کە باسی کورد بە شێواوی و ناڕاستی دەکەن، و لە نوسینەکانیان هەردەم بە چەتەو دز و ڕێگر ناوی کورد و دەسەڵاتدارانی دەبەن. کەچی ناوی تورک و ئەرمەن وئەوانی تربەم شێوەیە وا نابەن ئەوەش بێ گومان هۆکاری لەدواوەیە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین باس لە هەندێ لەو پەڕتوک و دۆکومێنتانە بکەین کە لە ئەڵمانیا لەوکاتەدا لەسەر کورد بڵاوکراونەتەوە.

جێگەی باسە لەسەدەکانی هەژدەونۆزدەدا و دواتریش هەوڵەکانی ڕۆژهەڵاتناسی و لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر گرنگی مێژوویی وسیاسی سەربازی وئابوری گەشە و پەرەی سەند وسەریان هەڵدا کە دەربارەی ڕۆژهەلات لێکۆڵینەوەیان دەکرد و دەنوسی و بڵاویان دەکردەوە. هەروەها ژمارەی لیکۆڵەرەوان و ئەوکەسانەی کە سەردانی ڕۆژهەڵاتیان کرد لەبەر چەندین هۆی جیاجیا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، ئینجا بەهۆی زانستی یان ئابوری یان سیاسی بێت.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر هەڵکەوتە گرنگە جوگرافیەکەی و پێگە جیۆپۆلیتیکیە سەربازیە گرنگەکەی هەر لە سەرەتاکانی مێژووەوە بۆتە مە یدانێکی ململانێی زلهێزەکانی دونیا.

لێرەدا لەوسەردەمە پێشبڕکێ کەوتە نێوان هێزە ئەوڕوپیەکانیش کە هەریەکەیان کەوتبونە خۆیان و نێردراویان بەشێوەی جیاواز دەنارد بۆ لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکان دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەوانە ژمارەیەکی زۆر لە نوسەرو لێکۆڵەرەوە ی تر هەن کە گەشتەکانیان لە گۆڤارو ڕۆژنامە کانی ئەوسەردەمە بڵاوکراونەتەوە. هەروەها ئەڵمانەکان لەوانەن کە چەندین کەسیان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و سەربازی و هۆی تری جیاواز ناردوە و بۆتە هۆی ئەوەی کە سەردانی کوردستان بکەن و دەربارەی کورد گەلێک لێکۆڵینەوە بکەن و لەسەر کورد شت بنووسن ولە ئەڵمانیا چ لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەوسەردەمە یان بە شێوەی پەڕتوک بڵاوی بکەنەوە لەو لێکۆڵەرەوەو نێردراوانەش.

**مۆریتز فاگنەر** کە زیاتر لەجارێک سەردانی کوردستانی کردوەو چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی کورد خستۆتە ڕوو و نوسیوە و هەندێک

jamil.ahmad@hotmail.de

جاریش بە دزو جەردە و ڕێگر ناوی بردوە. هەروەها **هێرمان ڤامپێری** لە پەڕتوکێکی کە لە ساڵی ١٨٦٧ بەناوی (گەڕان و گەشتەکانم لە ووڵاتی فارسدا). دەربارەی کورد نوسیویەتی.

**هەروەها د.ئێدوارد ساخاو** و چەندین کەسایەتی بەناوبانگی تر کە باس لە گەشتی هەندێکیان دەکەم لەوانە **ئێلی سمیث ومیجر ڕۆولینسۆن و کێر پۆرتر و کۆلۆنێل مۆنتایت وهاریسۆن گرەی دوایت.**

دواییش ڕای ڕوسەکان دەخەینە ڕوو لە پەڕتوکێکی مێژوویی دا کە چۆن باسی کوردیان کردوە. بەناوی هەڵمەتە سەربازیەکان لە ئاسیای تورکیا لە ساڵەکانی ١٨٢٨-١٨٢٩. کەبەزمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتە .

**گۆڤاری ئێرد کوندە**

لەگۆڤاری ئێردکوندە (زەوی ناسی) دا ژمارەیەکی زۆر لەو گەشتانە کە لەلایەن گەڕۆک و زاناو لێکۆڵەرەوەو ئەفسەرو ئاینداروپیاوانی ئاینی و سەربازی و...هتد کە بۆ کوردستان ئەنجامدراون بڵاوکراونەتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم ئاماژە بە هەندێک لەو گەشتانەبکەم کە لێرەدا سوودمەندن بۆ ئەم مەبەستە لەوانە :

لە بڵاوکراوەکی دا بەناوی **پانتایی ڕۆژئاوای ئێران، درێژەدان بە کوردستان** نوسیویەتی **میجەر ڕۆولینسۆن** لەساڵی ١٨٣٦ لە گەشتەکەیدا کەلەم گۆڤارە وەرگێندراوە بۆ زمانی ئەڵمانی و بڵاوکراوەتەوە .

دوای ئەوەی کەباسی جوگرافیاو ئاوی دجلە و زێ ی بچوک و گەورە دەکات ... دەڵێت لە سەر گێڕانەوەی ڕۆولینسۆن لە یاداشتی خۆیدا لە گەشتەکەیدا ولە کاتی تێپەڕبونی بە کوردستان دا (ئێرە ناوچەی کوردە تاڵانکەرەکانە )(کوردستان)ە واتە دز و جەردە، کە دەبێت پیایدا تێپەڕین، دەڵێت سروشتەکەی و خۆڕسکی ناوچەکە هەر وەک دانیشتوانەکەی ومیللەتەکەی شێوەی ژیانیان و داب ونەریتەکەیان هەر لە سەردەمی **کزینفونەوە لەگەڵ یۆنانیەکان** کە بەم ناوچەیە تێپەڕبوون کە تەنها هەندیکی بچووک نەبیت دەنا هیچ گۆڕانیکی وایان بەسەر نەهاتوە کە شایەنی باس بێت.

وا دیارە لای **ڕۆولینسۆن** پێشکەوتن تەنها بریتیە لە لایەنی شارستانیەت و مادیەت دیارە نازانێت زۆر بەهای مرۆڤایەتی هەیە لە ناو شارستانیەت دا کە ئەودیارە درکی پێ نەکردوە، بەڵام وادیارە وەک مرۆڤێکی شارستانی ڕۆژئاوایی زۆر بەها هەیە لەدەستیانداوە و نایبینن و نازانن هەڵسەنگاندنی بۆبکەن و کوێرانە وەسفی میللەتی کوردی کردوە بەو واتایەی ئەو خەڵکەی کوردستان هیچ پێشکەوتنێکیان بە خۆیانەوە نەدیتوە و بە تەواوی لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی دابڕاون وەک مرۆڤی کۆن ماون و بەچاوی دز و ڕێگر و جەردە وە سەیری کردون، ئەوەی کە دەمەوێت بیڵێم لەوانەیە کورد لەگەڵ ناتور وسروشت پەیوەندی زۆربەهێزەو زیاتر لەسەر ئەو ڕێرەوە و هەر لەسەر شێوازی کۆن سروشتی ژیاوە، بەڵام هەرگیز واتای ئەوە ناگەیەنێت کە نەزانەو دزەو جەردەیە بەڵکو کورد خاوەنی کولتورێکی بەرزو کۆمەڵگەیەکی پاک وبێگەرد ەو بەها مرۆڤایەتیەکان زۆر گرنگی پێ دراو بووە و دوور بوە لەهێرشکردنە سەر خەڵک و داگیرکردنی خاکی میللەتانی تر و هەوڵدان بۆ ژێردەستکردنی میللەتانی ترو چەوساندنەوەیان لە پێناو بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانی خۆی، دەتوانین بڵێین لەلایەنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی زۆر توندوتۆڵ و بەباوەڕ بووە و لەلایەنی خێڵەکی پێکهاتەکانی ناو خێڵ و هۆزەکانی بەجیاوازی ڕەگەزو باوەڕو ئاین و ئاستیان لەژێر سیستەمێکی دادوەر و یەکگرتوو ژیاون.

هەروەها دەڵێت هیچ کاتیک وەک کاتی کە ئێستا تیایدان واتە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم هەوڵی سەردان و لێکۆڵینەوە نەدراوە بۆ ئەو ناوچە گرنگەی سەر ڕووی زەوی، ئەگەرچی کە دراوسێیەکی نزیکمانە بەڵام زانیاری زۆرکەممان دەربارەی هەیە کە پێویست بە لێکۆڵینەوەدەربارەی دەکات.

هەروەها دەڵێت گروپێکی نێردراوی پێکهاتوو لەمیسیۆنی زانایان و دینداران وئایندارانی ئینگلیزی بۆ مەبەستی ئاینی و زانستی پیکهاتوو ونێردراو لەهەمان کاتدا بۆ ئەو ناوچە ترسناک وپێشتر نە پشکێنراوە، کە ماوەی ساڵێکە دەست بەکارە لەسەر هەموو ئاستەکاندا بۆ لیکۆڵینەوە لە ناوچەکە، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین لەکارەکەیان. ئەوەی شایەنی باس کردنە کە لێرە پێشتر لەو ناوچەیە

jamil.ahmad@hotmail.de

چەندین کەسمان لەو ڕێ یە لەدەست داو لەبەر دەرگای کوردستان بونەتە شەهیدی زانست لەوانە بێلینۆ،جەیمس ڕیچ وفۆذەرینگهامس، گرانتس ،شۆلتز،براونس.
(Erdkunde, 1840, S412)

**مەیجەرکنایر** لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان لەساڵی ١٨١٠ نوسیویەتی کە لە گۆڤاری ( ئێرد کوندە) بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێنراوە و بڵاوکراوەتەوە.

لەنوسینەکەیدا لەکاتی سەردانەکەی بۆشاری **سنە**(سنندج) پایتەختی ئەردەلانیەکان (میرنشینی ئەردەلان) ،وەک کینایر دەڵێ دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لە ڕۆژئاوای ئەو ناوچەیە شاری سلێمانی هەیە. هەردوو شارەکە لە میللەتی کوردن و لە کاردۆخە کۆنەکێویەکانن.

هەرچەندە ئەوانە میرەکانیان باج دەدەن بە وولاتی فارس، بەڵام بەشێوەیەکی سەربەخۆ فەرماندارن و دەسەڵاتی تەواویان بەسەر خاک و خەڵکەکەیان هەیە. هەروەها شانازی بەخۆیانەوە دەکەن کە نەوەی سوڵتان سەلاح الدین ی ئەیوبین و لەنەوەی باوکی زەوی پێغەمبەر نوح ن(س. خ) هەروەها دەڵێت کەوا گوایە کوردی ئەو خاکە هەروا دواکەوتوو ماونەتەوە هەروەک کاتەکانی سەردەمی **کزەینەفون**،وە جگە لە هەندێک گۆڕان نەبێت کە بەسەر ئاین و باوەڕیان هاتوەو دەنا هیچی تر نەگۆڕاون، هەروەها لە هەڵوێستی سیاسیشیاندا نەبێت کە نیوەیان لای تورک و نیوەکەی تریان لای فارس بوون و یاخود سەر بە هیچیان نەبوون، دەنا هەر وا بە سروشتی کێوی ماونەتەوە و وەک کاتەکانی پێشوو، ئازا و پڕ لە تاڵان و ڕاوەڕوت و کوشتن بێ ئەوەی کە ئەوە بە تاوان بزانن هەروەها ڕەق وبێ میوان و هاوڕێ و دابڕاون، تەمەنیان درێژ بوەو بەهێز بوون، پیاوە ١٠٠ ساڵانەکانیان وەک گەنج بەهێزن، شەڕ و ڕاو و ڕووت ژیانیانە لە سوارچاکی و چەکداری زۆر بەهێز و لێزانن، هەروەها بە جل و بەرگیان و زوبانیان لە فارسی جیاوازە. یەکێک لە گرنگترین و گەورەترین چەتە و ڕاو وڕوتکەر کوردی گێسکی((Gheski یەکانن (Erdkunde, 1840, S433).

بە ڕای من ئەوەی کە جێ ی سەرسوڕمانە لای من ئەوەیە کە **م.کنایر** لە لایەک دە ڵێ کورد کێوییە و لەلایەکی تر دەڵێ فەرمانداری خۆیان دەکەن و شانازی بە مێژووی خۆیان دەکەن و خۆیان بە نەوەی مرۆڤی گرنگ دەزانن، ئەوەش مانای ئەوەیە کە تێگەیشتون و ئاگاداری مێژووی خۆیانن و ڕۆشنبیرن.

بەڵام بەڕای من تەنها نەزانی ئەو و بێ خەبەری کنایەر لە پێکهاتەی سیستەم و پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری وای کردوە کە بەکوێری و نەزانی هەڵسەنگاندنی بۆبکات. بەڵام ئەگەر دەزانێت لەکوردستان چەندین خەڵک و ئاین و پیکهاتەی جیاوازی لێیە وچەند بە ئارامی وئاسایی لەگەڵ یەکتری دەژین بێگومان ڕای خۆی دەگۆڕێت.

لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان **هۆیدا ڤۆیەگ** لە ئاداری ١٨١٧ نوسیویەتی ودەڵێت لە کاتی گەشتەکەی بۆ سلیمانی، کورد میللەتێکی ڕاوو و ڕووتکەرو جەردە بوون بۆیە دەبوایە لەناویاندا بنکەی مانەوە و نوستنمان بە وورییایی دیاری بکەین.

هەروەها دیسان باسی کوردە تاڵان کەرەکان دەکات و دەڵێت ٧ کات ژمێر دوای توزخورماتو بەرەو باکوری ڕۆژهەڵات دەڵێت کوردە ڕێگرەکان ڕێگاوبانیان نائارام کردوە و تەنها بەهێز دەتوانرێت هێرشەکانیان سنوردار بکرێت. ( Erdkunde, 1840, S457-458)

ئەوەی کە لێرە جێگەی پرسیارە ئەوەیە ئەگەر هۆیدا ڤۆیەگ کوردی پێ دزو جەردەو تاڵان کەرە چۆن توانیان شەو بەسەر بەرن و بمێننەوە لەناو کورد بێ ئەوەی تاڵان بکرێن و بدزرێن، ئیتر لێرە هەر خۆی وەڵامی خۆی داوەتەوەو ئەوەش دەسەلمێنێت کە کورد مێوانداری کردون وپاراستویانن و دزو جەردە نین.

**جەیمس ریچ**

هەروەها لە شوێنێکی تر دا باس لە کورد وادە کرێت لە لایەن**.جەیمس ریچ** نوسراوە ودەڵێ لە بەشی باکوری چیای **قەرە بۆکرا** بەرەو ڕۆژئاوا کە **چیای خوسرەوخان** دێت ئەلێرەوە لەوناوچەیە بەرەو باکور. شوین وناوچەی دەسەڵاتی **عەشیرەتی بلباسە** کێویەکانە.شایەنی باسە هەتا چیای قەرە بۆکرا لەژێر دەسەڵاتی زۆرداری والی **شاری سنە** بوو،کە لێرەوە بە دووری چەند ڕۆژێک بەرەو لای **شاری بانە** بنکەی هاوینەی

jamil.ahmad@hotmail.de

خۆی دامەزراندبوو.

هەروەها ئەلێرەوە لە کێوی ترین سنوری باکور شەڕێکی توند لەمابەینی عەشیرەتێکی باشووری کوردستان لەدژی چەندێک لە کێویترین دراوسێیە کانی باکورڕویدا لەناویاندا لەهەموویان ترسناکتر عەشیرەتی **بلباس ە**،بەرەو ڕۆژئاوا عەشیرەتی **خۆشناو**دێت و هەروەها لەناوەڕاست وا دیارە **پشدەر یش** لەدژی کوردانی **بەبە** بەرەو باشور جوڵابن ناوچەی خۆیان فراوان کردوە وبەردەوام بوون بەرەو ڕۆژئاوا چون و بەرەنگاری دز وجەردەو چەتەکانی خێڵەکانی ڕەواندوز بوون. (.Erdkunde, 1840, S583)

هەروەها لەلایەکی تر گەڕیدەیەکی تر بەناوی **<u>کێرپۆرتەر</u>**

لەسەر گێرانەوەی **کێرپۆرتەر** باس **لەبێتوش** دەکات و دەڵێت کە جێنشینی **موکریەکان** بوو کە بە دزی و ڕاووڕووت و تاڵانی بەناوبانگ بوون. هەروەها دەڵێت لە پشت ئەوان لە کوردانی بێتوش **بلباسەکان** و شاری **ڕەواندوز** دێت، کە لەناو کورد دا لەهەموو ڕەگەزە کوردەکان دڕندەتر و تاڵان کەرتر دادەنرێن. هەروەها لەهەمان کاتدا ئەمانە هەر خۆیان لەناو یەکدا زۆربەی کات لەبەرەکان دژ بە یەک وەستاون . و دەڵێت هەروەها لەکاتی گەشتەکەیان لەو ناوچەیە شەو لەژێر پاراستنی ئەوان ماونەتەوە. (Erdkunde, 1840, S597)

بەڵام لێرە بەڕای من ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوە لەو باسە لەیەکچوانەی ڕۆژهەڵات ناسان بۆ بلباسەکان کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو زانیاریانەیان لەیەکتری بە کوێرانە وەرگیراون و بە چاولێکەری نوسیویانەتەوە بێ ئەوەی بە زانستیانە لێی بکۆڵنەوە و بزانن ئایە هەڵس وکەوتی کورد و خێڵەکی وەک بلباس چۆنە وئەگەر هیچ نەبایە هەندێک جیاوازی و ڕەوشتیان باس دەکردن بەڵام وا دیارەباسەکانیان هەر سەرپێ بیەو یەکسەر بە دزو دڕندە ناویان بردون.

هەروەها **<u>کێر پۆرتر</u>** لە گەشتە کەی بۆ کوردستان دا باس لە خێڵی بلباس دەکات وەک ڕێگرو جەردەو تاڵان کەر ناویان دەبات. دە لێ ئەو خێڵانە تەنها لە ڕاو ڕووتی و تاڵانیدا یەکگرتوون و بران، دەڵێ لەکاتێکدا **شا عەباس میرزا** حاکمی ئازەربایجان ی سنوری باکور لە هەڵمەتێکی سەربازیدا لەگەڵ سێ لە خێڵەکانی باتوش و هەروەها هەردوو جێنشینانی دانیشتوانی باکوری شاری **سەردەشت** لە ساوک بۆلاک لە شێوەی هێزێکی سەربازی و سوپایەکی ٢٠٠٠ سەربازی لەسەر شێوەی ئەورووپی ڕێکخراودا هێرشیان کردە سەر بنکە وحەشارگەکانی ناو چیاکانی هۆزی دزو جەردەکانی **بلباس** و بەسەرکەوتوویی بەسەریان دادان و توانیان چەندین بنکەو حەشارگەیان لێبگرن و هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانیان و ماڵەکانیان بسوتێنن و هەروەها ٦٠٠٠ خێزانیان بەخۆو و مەڕو ماڵاتیان بەدیل بگرن و لە کەنارەکانی دەریاچەی ئورمیە نیشتەجێ یان بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی سوننی مەذهەبی توندڕەو بوون بۆیە کەوتنە ژێر ڕق وکینەی زیاتری شیعەکانی ئەوکاتە بەشێوەیەکی دڕندانەتر و توندتر. (Erdkunde, 1840, S597-598)

بەڕای من باشە ئەگەر ئەوانە دز و جەردەو تاڵانکەرن بۆئەو دزو تاوانبارانە زیندانی ناکرێن، دوای ئەوەش لەبەر چی شا عەباس میرزا هێرشی سەر ماڵەکانیان دەکات و منداڵ و ژن وپیریان هەموو دەگرن ئایا منداڵەکان و مەڕو ماڵاتەکانیشیان جەردەو دز و تاڵان کەرن.بەڕاستی دەبی هۆکاری تر هەبێت، هەروەک لەسەرەوە باسی کردوە کێرپۆرتر خۆی لەبەر دەسەڵات و جیاوازیبیر و باوەڕو دەسەڵات ونەتەوەیە نەیاری سیاسی یەو وادیارە هیچ پەیوەندی یەکی لەدوورو نزیک بە دزی و جەردەیی نی یە، دوایی چۆن دەبێت یەک هۆز یان خێڵ هەر هەمووی دزو جەردەو ڕێگر بێت. ،ئەوەی ئەوانەش دەسەلمێنێت بریتیە لە گواستنەوەیانە(بلباس) بۆ شوێنێکی تر لەکەنارەکانی ئورمیە نەوەک بۆ زیندانی ، ئەوەش بۆئەوەی نەتوانن جاریکی تر ڕاپەڕن و پشتگیری میرنشینی سۆران بکەن.

**هەروەها <u>کۆڵۆنێل مۆنتایت</u> (١٧٩٠-١٨٦٤)**

لە گێرانەوەیەکدا لەلایەن **<u>کۆلۆنێل مۆنتایت</u>** نوسراوە دەڵێت ناوچەی زێی سەروو، باس لە ناوچەکەدەکات (جۆڵەمێرگ، دەریاچەی ئورمیە، وڤان) وەک ناوچەیەکی نائارام وترسناک لەلایەک، وە باس لە خان و میرە کوردەکان دەکات وتاوانباریان دەکات بە خیانەت و چەتەیی و لەلایەکی تر بە پارێزەر و میوانداری و دۆست

jamil.ahmad@hotmail.de

باسیان دەكات.

مۆنتایت باس لەوخانە كوردە دەكات كە پێشتر پرۆفیسۆر شۆلتزی لەگەشتەكەی لەناوچەی جۆلەمێرگ لەگەڵ هاوەڵانی بە خەیانەت لە هەمان ڕێگا لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٢٩ كوشتبوو.

هەر بۆیە مۆنتایت بۆ پاراستنی خۆی كاتێك خان كە ئێسكورتێكی كوردی داوەتێ بۆ ڕێگا، بەڵام ئەو لەبەرئەوەی باوەڕی پێیان نەبووە هەموویانی بە بارمتە گرتووە لە ترسی ئەوەی نەوەك هەواڵی پەرینەوەی ئەفسەرانی ئینگلیز بەرەو ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای موور و ئورمیە بگەیەننە سەرۆكەكەیان. لێرەدا توانیان خۆیان بەزووترین كات بگەینە بەرزاییەكان باكوری ڕۆژهەڵات وكۆشكی هاوینەی <u>ئێرزا ئاتیس</u> بەسەركەوتوویی. هەرچەندە خانی دز وجەردە هەڵسابوو بە ناردنی چەند سوارچاكێك بۆ ئەوەی ڕێگایان لێ بگرن بەڵام كۆڵۆنێڵ مۆنتایت پێشتر هێزی خۆی ئامادەكردبوو و توانیان بەسەر هێزی خانی چەتە زاڵ ببن و چەند كەسێك لەكوردە چەتەكانی خان بە مردوویی لەمەیدانی شەڕەكەدا بەجێ بمینن.

مۆنتایت دەبوایە بەخێرایی بەسەر چیای موور سەركەون و بڕۆن بۆ ئەوەی لەژێر ناوچەی دەسەڵاتی مصطفى بەگ دەربچن و دەرباز بن.

هەروەها مۆنتایت دەڵێت لە ڕاپۆرتێك كە لەدواییدا بە ماوەیەكی كەم لە مسیونیری ئەڵمانی لەلایەن **<u>هۆیرنلە</u>** لەئورمیە پێمان گەیشت كە هەمان خانی بێباوەڕی هەكاری، كە بەهەمان خانی ڕەواندوز ناودەبرێت، كە تەنها یەك چاوی هەیە، لە ساڵی ١٨٣١ هێرشێكی گەورەی لە ڕاو وڕووتی بۆ سەر ناوچەی ئورمیەو وولاتی فارس بەهۆی كوردانی دواكەوتوی خۆی ئەنجامداوەو، خەڵكێكی زۆری قڕو زیندانكردوەو، كوشتوەو كاولكاریشی كردوە. لە شوێنێكی تردا مۆنتایت باس لەوە دەكات و دەڵێت كە خەڵكی لەبەر زوڵم و زۆری و زۆرداری **پاشای كوێرە** بەماڵ و منداڵەوەرایان كردوە بۆشار. هەروەها دەڵێت گوندەكانی دەوروبەری مەرگەوەڕی تاڵان كردوە و پاشا بە ئەسپی خۆی منداڵانی لەسەر ئەسپی خۆی بەستۆتەوە و بە هاوار و قیژە ڕفاندوینی، هەروەها دوایی فڕێی داونەتە ناو تەندوری گەرم و سوتاندونی.

دەڵێت هەرچەندە پاشا ٦٠٠٠ پیاو و سوارچاكی هەبوە بەڵام **كاپتن شێل** كە لە ژێر خزمەتی شای وولاتی فارس دە ست بەكاربوە تەنها بە ٢٥٠ سەربازی پەروەردەكراو و مەشق پێكراو بەرامبەر میر وەستاوەو توانیویەتی بیشكێنێت هەروەها خان ی ناچار كردوە پاشەكشە بۆ ناو گەلی و گەروو تەسكەكانی ناو چیاكان بكات. ( Erdkunde, 1840, S647-648

بەڕای من ئەوەی كە لیرە بۆمان دەردەكەوێت لەو گێرانەوەی مۆنتایت ئەوەیە كە دیارە مۆنتایت بەتەواوی كەوتۆتە ژێر كاریگەری نەیاران و دووژمنانی كورد و ئەوەی ئەوان تێیان گەیاندوە لە دژی كورد هەر ئەوە دەگێڕێتەوە. وا دیارە هەرچەندە كورد چاكەو پیاوەتیشی لەگەڵ كردوە وپشتگیریشی كردوە بەڵام متمانەی بەكوردان نەبووە. بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەكی هەبێت. بەڵام وادیارە ئامانجی نەیارانی كورد لێرەدا هاتۆتە دی بەهیوای ئەوەی كە ناوبانگی كورد تێكبدەن و بەتەواوی بیشێوێنن لەلای ئەوروپاییەكان و بیانیان بە ئامانجی سوك و ڕیسواكردنی كورد بۆئەوەی لە پێش چاوی ئەوروپاییەكان نەبنە جێگای متمانە و پەیوەندی باش لەگەڵ كورد و هێزەكانیان دروست نەكەن وبرادەرایەتی و پەیوەندی باش و سیاسیان لەگەڵ دەرەوە نەبێت هەر بەتەنیا و بێ هاوڕێ بمێننەوە و هەردەم لەكورد بترسن و نەبنە جێگای متمانەی هیچ هیزیک. بەڵكو وەبگرە كورد بە دووژمن و دڕندە دابنێن. هەروەها بەم شێوەیە یارمەتی هێزە ئەوروپاییەكان بۆخۆیان دابین بكەن لەدژی كورد هەر كاتێك پێویستی كرد. دەنا ئەگەر خان ئامانجی كوشتنی مۆنتایت بوایە هیچ باوەرناكەم لەناو ناوچەیەكی پڕ لە كورد بیتوانیبایە وا بە ئاسانی لەناو چیاكانی كوردستان ولە ژێر دەسەڵاتی خان بەبێ شارەزایی لەناوچەكە ڕابكات.

هەروەها نێردراوان **<u>ئێلی سمیث ودوایت</u>** ١٨٣٤ دەڵێن كە خان لە ناوچەی سنوری ئێران و توركیا (هەكاری) كاریگەری زۆركەمی هەبوە لەسەر كوردانی ژێردەستی و خەڵكەكەی بەچاوی میرو پێشەوا سەیری ناكەن بەڵكو وەك پیاوێكی تەمەندارو گەورەیەك لەخۆیان سەیریان كردوە.

هەرچەندە كوردان ی دەوروبەر وەك ڕێگرو

jamil.ahmad@hotmail.de

پیاوکوژ ناویان دەرکردبوو، بەڵام **پرۆفیسۆر شۆڵتز** زۆر باوەڕو متمانەی بەوان هەبوە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی پەیوەندی بازرگانی بەهێزیان لەگەڵ ناوچەی ئورمیەو دراوسێیە فارسیەکانیان هەبوە، ئەوەش ببوە هۆیەکی متمانە دروستکردن و پشت بەستن لای شۆڵتزیش بەو کوردانە هەربۆیە باوەڕی بەوە نەبوە کە خیانەتی لێبکەن.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە شایەنی باسکردنە لێرە، ئەوەیە کە دە ڵێن ناوچەکانی هەکاری بەتەواوی سەربەخۆ بووە لەسەردەمی شا**عەباس میرزا شای تەبریز** وە لەو کاتەدا هەکاری نە سەر بە فارسەکان و نە سەر بە عوسمانیەکان بووە و سەری بۆ کامیان شۆڕنەکردوە.

هەر لێرەدا دەڵێن **خانی چۆڵەمێرگ مصطفی خان** بە دزو جەردە و ڕێگر ناوی بردراوە لەلایەن فارس و عوسمانیەکان. (Erdkunde, 1840, S651).

بەڕای من لێرەدا ئەوەمان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێت لەبەرچی ئەو تۆمەتانە بەو شێوە ناشیرنانە دەخرێتە پاڵ کورد و دەسەڵاتەکەی خان و شێوەی بەو جۆرە لەلای بیانیان ناشیرن دەکرێت .کەواتە شا عەباس گەورەترین نەیاری خان بووە بۆیە دەکرێت ئەگەر بگوترێت تۆمەت بۆ خان هەڵدەبەستێت چونکە کوشتنی کەسایەتی لەم جۆرە لە ناوچەیەکی ژێر دەستی خان نابێ بەدەستی خان خۆی بێت و کەس بە دەستی خۆی خۆی ڕیسوا ناکات. لەلایەکی ترەوە ئەو متمانەی پرۆفیسۆر شۆڵتزیش بێ هۆ نەبوە بۆیە زۆر لە ڕاستی دوورە ئەگەر بڵێین خان تاوان بارە. هەروەها ئەڵێرە هۆکاری تر هەیە کە دەکرێت بگوترێت بۆ ئەوەی ناوبانگی خان وکوردی پێ ناشیرن بکرێت کەرەنگە هۆکارێک بوبێت بۆ کوشتنی پرۆفیسۆر شۆڵتز بەدەستی نەیارانی کورد.

**سی ئای جەیمس ریچ**

هەروەها ڕیچ دەگێڕێتەوەو دەڵێت کە چۆن پێش چەند ساڵیک پێش ئێستا باس لە میرنشینی ڕەواندوز لە نزیک سلیمانیەوە لەساڵی ١٨٢٠ دا کراوە ،باسیان کردوە کە چۆن شا عباس میرزا شای فارس بە دەستەیەک هێزی کۆماندۆ هێرشی لە دژی دزو جەردەکانی ڕەواندوز ئەنجامداوە بەڵام هێرشەکەی بێ ئەنجام بووەو بەتایبەتی بەرامبەر هۆزی بلباس هێرشەکە تێکشکاوەو هەر بە خێرا پاشەکشەی کردوە و هێزی تۆپ هاوێژیشیان تۆپەکانیان لەدەست داوە کە لەگەڵ خۆیان هێنابویان، وە دوایی کوردەکان تۆپەکانیان لەسەر قەڵاکانی خۆیان دامەزراندوە، هەروەها لەلایەکیترەوە دەڵێت خەڵکەکەی بێ سنوور کێوی ودرندەو نەزانن، وە کاروانەکان دەتوانن تێپەڕبن تەنها (Erdkunde, 1840, S688).ئەگەر باجەکانیان بدەن

ئەوەی کە جێگای تێرامانە ئەوەیە ئایا بۆ نابێت لە میرنشینێکی کوردی باج بسەپێنێت و وەربگرێت هەر زوو بە کێوی و درندەو دز ناویان دەبرێت، لە کاتێکدا هەموو دەسەڵات و وڵاتیک مافی ئەوەی هەیە!.

لە شوێنیکی تردا ئاوا بەسوکی باس لە کوردو خەڵکی ڕەواندوز دەکەن کە جێگەی سەر سووڕمانە، کە بە بێ نیزامی و قانونی ناویان دەبەن و دەڵین نە مل کەچی تورک و نە هی فارسیان کردوە

(Erdkunde, 1840, S689).

ئەو شوێنەی کەخێڵی بلباس تێیدا نیشتەجێ بوو پێی دەگوترا قەرە پاپکاس ، هەروەها خێڵی بلباس کە بە درندەترین و ئازاترین خێلە کوردیەکانی نزیک سنوور ناوی دەرکرد بوو بەڵام هێرش و ڕاو و ڕووتیان بەسەر (مەرگە) و ئورمیە لە ژمارە دەرچوو بوو بۆیە **شا عباس میرزا** زۆر لە سەرۆکەکانیانی گرت و لە سیدارەی دان. وە ئەوانەی مابونەوە پەنایان بردبوە بەر پاشای ڕەواندوز و لەوێدا دەست بەسەر بوون بەڵام دوایی لە دژی پاشای ڕەواندوز ڕاپەڕین و ڕایان کرد. لەئەنجام دا بەشێک لەوانەی لە **تیرەی مامش** بوون بەدیل گیران و بردران بۆ ڕەواندوز لەوانە ٤٠ کەسیان لە زیندان بوون بەڵام بەهۆی بڵاو بونەوەی تاعون لە زیندان دووبارە ڕایان کرد و

دوایی لە گوندەکاندا گیران و دەست بەسەرکران و گەڕێنرانەوە بۆ ڕەواندوزو لەوێدا لە سێدارەدران.

(Erdkunde, 1840, S933)

بە ڕای من ئەوەی کە جێگای سەرەنجە، ئەوەیە باشە ئەگەر میرنشینی سۆران تەنها بریتیە لە

jamil.ahmad@hotmail.de

گروپێکی جەردەو ڕێگر بۆ بەو شێوەیە بەرگری لەخۆی دەکات و خەڵک لەسەر دزی و جەردەیی دەگرێت.

باشە ئایا لەبەر چی پێویستە مل کەچی دەسەڵاتی بێگانە بین، ئایا میرنشینی کوردی بۆی نیە خاوەن یاساو ڕێسای تایبەت بە خۆی بێت، ئایا ئەوە بە کورد ڕەوا نابینن.....؟

باشە هۆی چی یە کە ئەو گەریدەو لێکۆڵەرە ئەوروپیانە هەندێکیان کورد و کۆمەڵگەکەی و پێکهاتە ی کوردی لە هۆزو وعەشیرەت و میرنشین و خەڵک بە کێوی و ڕیگرو چەتە و تاڵان کەرخوێندوەتەوە. ئایا بەرژەوەندی یە سیاسیەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لەو وەسفانە یان چەندین هۆی تریش هەن.؟

لێرە بۆمان دەردەکەوێت لەلێکدانەوەکانماندا دەربارەی گێرانەوەکانی لێکۆڵەرەوە بیانیەکان بۆنمونە کە چۆن و بەچ شێوەیەکی ناتەواو و سەرزارەکی و ساویلکانە باسی ڕووداوەکان لە کوردستان کراوە بۆنمونە

لێرە بۆمان دەردەکەوێت کە بەچ شێوەیەک مۆنتایت باس لە میرنشینی ڕەواندووز دەکات بێ ئەوەی دیارە هیچ شتێک دەربارەی ئەو میرنشینە بزانێت، یا چووبێت بۆ ئەم میرنشینە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگادار بێت چۆنە وبۆدامەزراوەو ئامانجی چیە و بنەماکانی وهۆیەکانی دامەزراندن و دامەزرێنەرانی ببینێت وبزانێت دامەزرێنەرانی کێن.

بەڵکو وا دیارە هەر لە دوورەوە خۆی بە باس و بیروڕاو وەسفەکانی دووژمنان و نەیارانی ئەو میرنشینە بۆ سەران و خەڵک و دانیشتوانی ئەو میرنشینە هەڵخەڵەتاوە و بەکوێرانە وەری گرتوون و وەک زانیاری دروست و جێگەی متمانە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا کردوە بێ ئەوەی لەو هەواڵ و زانیاریانە بکۆڵێتەوە و بزانێت ئایە ڕاستن یاخود ناڕاستن..هەروەها هەمان ڕاو بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسانی پێشووی خۆیان دووبارە نوسیوەتەوەو وەرگرتوە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لێ بکەن . دیارە دووژمنانی کورد لە تورک و فارس هەردەم هەموو هەوڵێکی کوردیان بۆ دامەزراندنی هەر قەوارەو هێزێکی کوردی بەشێوەی دزوو جەردە ناساندوە و بەچەتە وەسفیان کردوە، ئەلێرەدا دەبینین نەک وە سفی تەنها سەران و شەرکەرانیان وا کردوە بەڵکو هەر هەموو کوردیان بە چەتەو دزو ڕێگر ناساندوە بەتایبەتی بە خەڵکانی بیانی کە لە دەرەوە هاتون و کە سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسەو تێڕوانینە لێرە ئایا میللەتێکی گەورەی وەک کورد دەبێت هەمووی دزو جەردە و ڕێگر بێت،؟ ئەوە هەرگیز دوورە لە ڕاستیداو هەردەم ئەو جۆرە بیرو ڕایانە دەبێ بکەونە ژێر لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بە ڕوونی بخرێنە ڕوو وبە جوانی شی بکرێنەوە.وا دەردەکەوێت بۆمان کە گێرانەوەکان هەمووی ڕاست نین و دوورن لە زانست وزۆر درۆو دەلەسەی دژ بە کورد گۆتراوە بەتایبەتی لەژێر کاریگەری ناحەزان ودوژمنانی کورد زۆر شتی ناڕاست نوسراوە.

## تەوەری دووەم پەرتوکەکان

**هێرمان ڤامبێری**

هەروەها ڤامبێری لە کتابیکیدا کە لە ساڵی ١٨٦٧ بەناوی **گەڕان و بەسەرهاتەکانم لە وولاتی فارسدا.**

نوسیویەتی، کاتێک گەیشتمە ناوچەی ئەرزڕوم کە لێرەوە خاکی کوردستان دەست پێ دەکات، کە خەڵکەکەی هەر وەک سەردەمی هیرۆدۆتسەوە بەبێ ئابڕوترین دزو جەردە و چەتە ناوبانگیان دەرکردوە. ئەو ڕۆژهەڵات ناسە نوسیویەتی و زۆر لە گێرانەوەکانی لەسەر دزو جەردەو چەتە کوردەکانە، واباسی خۆی دەکات وەک ئەوەی هەموو چواردەوری پڕە لە دزو چەتە کوردەکان. کەچی وا باس لە تورک ئەرمەن و میللەتانی تر ناکات.

وا باس لە کورد دەکات دەڵێت کێ پارەیان پێ بدات ئەو سەرۆکیانە، وە دەڵێت کە چۆن کورد لەژێر ئاڵای ڕوسەکان دژی عوسمانیەکان جەنگاون.(Hermann Wambery,1867,S21,28)

ئەوەش جێگەی سەرەنجە ئایا ڤامبەری لەبەرچی ئەوەندە لەسەر دە وڵەتی عوسمانی بەوەڵام دێت یان بۆ و لەسەر چی نابێت کورد لەدژی دەوڵەتی عوسمانی بجەنگێت. وە ئایا میللەتی کورد بە کۆلێکتیڤ و بەگشتی دزیان لێ کردوە، یاخود لەبەر ئەوەی بیانی بووە ئەو هەستەی بۆ دروست بووە و

jamil.ahmad@hotmail.de

لەژێر کاریگەری نەیاران ئەوەی لەلا دروست بووە. بەڵێ ئەوەی کە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە ڤامبێری بێ لایەن نیە لەنووسینەکانی بەڵکو لای تورکی گرتوەو ناسیونالیستی تورکی بەگرنگتر و بە بەرزتردەبینێت و بە بەڕێوەبەرو گەورەی کوردیان دەزانێت و کورد بە کەمتر دەزانێت ولای ئەو دەیەوێت هەردەم کورد لەژێر فەرمانڕەوای تورک نابێت دەربچێت. وە وا دیارە کورد بە میللەتێکی سەربەخۆ نازانێت. وە وادیارە دژی فراوان بونی دەسەڵاتی ڕوسەکان بووە. بۆیە دژی لایەنگری کوردبوە بۆ ڕوسەکان. هەر دیارە لەسەر ئەوەش ڕقی لەکورد هەڵگرتوە (ئەوەی شایانی باسە ڤامبێری یەکێکە لە لێکۆڵەرەوەیەکی گرنگ بۆپشتگیری کردنی ناسیۆنالیزمی تورک و لەدامەزرێنەرانی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی تورکی لە ئەوروپا).

**<u>د.ئێدوارد ساخاو</u> :- گەشتێک بۆ سوریاو میزۆپۆتامیا**

لە پەڕتوکێکدا بەناوی **گەشتێک بۆ سوریاو میزۆپۆتامیا**. لە باسێکدا بۆ خێڵی **هەمەوەند** دەڵێت کە چۆن لەکاتی بەشداریکردنیاندا لە شەڕی تورکی وڕوسیدا ڕایانکردو هەرچی چەک وتفاقی باش هەبوو هەموویان بردو دزی و هەرچی لادێی بێ بەرگری هەبوو هەموویان تالان کرد و گەڕانەوە شوێنی خۆیان و هەروەها چۆن لە ساڵی ١٨٧٩ لەدژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاپەڕین وسوڵتانیان ناچار کرد پارەیان پێ بدات کاتێک ڕێگای موسڵ و بەغدایان گرت. (Sachau,1883,S356)

لێرە دا زاخاو کورد تاوانبار دەکات بە خیانەتکردن لە دەوڵەتی عوسمانی، ئایا نابێت کورد لەدژی داگیرکەر ڕاپەڕێت و دەست بەسەر کەل و پەلی سەربازیدا بگرێت، بۆ کورد هێز و سوپای عوسمانی دیارە هێزێکی زۆردار و ستەمکار بووە دیارە هەر بۆیەش لەدژی ڕاپەڕیون بەڵام ساخاو ئاماژە بەوە نادات. بەتەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەری نەیاران و دووژمنانی کورد و ئەوەی ئەوان تێیان گەیاندوە لە دژی کورد هەر ئەوە دەگێڕێتەوە و گوتەکانی بریتیە لە دووبارە نوسینەوەی ڕای خەڵکانێکی تر وە هیچ پێ ناچێت کە هۆکاری سەرەکی و زانیاریانەی لەسەر ڕاپەڕینی کورد وەرگرتبێت بەڵکو بەڕای من نابێت میللەتێک لەسەر دزی و ڕاو وڕووتی لە دژی دەسەڵاتێکی گەورەی وەک دەسەڵاتی عوسمانی ڕاپەڕیبێت، پێویستە هۆکاری گرنگی تر هەبێت. بەتایبەتی دەرەنجامی ئەو ڕاپەڕینانە بۆتە هۆی دروستکردن و بنیاتنانی دەسەڵاتی کوردی سەربەخۆ لەناوچەی جیاواز،بەڵام بەداخەوە دیارە ئەونووسینانە بەلێکۆڵینەوەی زانستی نەنوسراون و دوور لە ڕاستی و لەژێر کاریگەری خەڵکانێکی دژی کورد نووسراون.

**<u>بارۆن ئەدوارد نۆڵدە</u> :- لە گەشتێک بۆناوەوەی عەرەبستان و کوردستان و ئەرمینیا ـ١٨٩٢**

لە پەڕتوکەکەیدا دەگێڕێتەوە لە گەشتەکەیدا لەمابەینی بەغدا و شاری موسڵ دا وە لە باسێکیدا بۆ هەمەوەندەکان کە بە خێڵێکی کوردی بە ڕەگەز ڕێگرو جەردە ناویان دەبات، کە چۆن پیش ٧٥ ساڵ پیش ئیستا لە ئیران هاتونەتە ناوچەی سلیمانی سەر بە بەڕیوەبەرایەتی تورکەکان و لە ناوچەی چەمچەماڵ و بازیاندا نیشتەجی بون وە چۆن لەناو کوردستانیشدا ناوبانگیان بە دزو جەردە هەبوەو دەرکردوە.

وە دەڵی لە گە شتەکەیدا دوای دەرچونی لە بەغدا بۆ باکوری عیراق و موسڵ دوای بیابان خاکێکی بەرداوی و ڕاستایی یەکی پان و بەرین وپانتاییە تاکو دەگەیتە بەرزاییەکانی حەمرین کە بە دەشتایی خواروی کوردستان دادەنرێت، دەڵێ ئەوناوچە شاخاویانەی پەناگەی حەمرین بە نائارام ناسراو بوون.

لە هەر ٣٠-٥٠ کم گوندێکی لێ یە. هەروەها لەو بەربەرزاییانەی حەمرین هێزو سەربازی تورکی لێ جێگیرکراوە و پێگەی سەربازی لێ یە ئەویش بۆ پارێزگاری کردن لە پۆست و هاتووچۆی کاروانەکانی بەغدا لەدژی ڕێگرو جەردە وچەتەکان. دیارە ئەو شاخانەی حەمرین پەناگەو پشتگیری باش بوونە بۆ شەڕەکانی خێڵە بەڕەگەز وڕەچەڵەک دزو جەردەکانی هەمەوەندەکان لە ساڵەکانی ١٨٨٦- ١٨٨٧ و١٨٩٠-١٨٩١ لە دژی حکومەتی تورک لە بەغدادا کە چەندین جار ڕێگای هاتووچۆیان لەمابەینی بەغداو موسڵ داخستووە.

هەر لێرەدا نوسیویەتی خستنەڕویەکی کورتی ئەو ڕوداوانە بۆ خوێنەر نمونەیەکی زۆر گرنگ و تایبەتە لەسەر هەڵس و کەوتی جەردەیی کوردانی

jamil.ahmad@hotmail.de

ڕۆژهەڵاتی.

دیارە لەو دواییانەدا ئەوەی کە لە ئەوروپادا بەناوی مەسەلەی یا پرسی ئەرمینیا ناسرا بوو کە پەیوەندی بە هەڵس و کەوت و پەیوەندی تورک و کورد هەبووە بێ دەنگ ببوو هیچ دەنگۆیەکی نەمابوو. بەڵام لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا وا دیارە ئەو چالاکی و هێرشانە تورکی بێزار کردوە تا وای لێهاتوە حکومەتی تورک نەیتوانیوە کەرتێک لە هەزارسەرباز لە بەغدا بۆ موسڵ بگوازێتەوە لەبەر ڕیگرو جەردەی هەمەوەندەکان، دیارە سوڵتانیش خۆی زۆر بێزار بوە لەم ڕەوشە.

هەر لەوگەشتەدا بۆ موسڵ لە نزیک شاخەکانی (طاوق) دەگێڕێتەوە کە یەک لەو سەرکردانەی هەمەوەند کەلەکاتی گەشتەکەیدا لەگەڵیدابوە بەناوی(حسین ئاغا) و کاتی خۆی لەیەکێک لەوشەڕانەدا لە دژی ١٠٠٠ سەربازی تورکی بەشدار بووە وباسیکردوە کە چۆن لەساڵی ١٨٩٠ بەسەربەرزی یەوە بە خۆهەڵکێشانەوە ١٢٠٠٠٠ پفوندی تورکی کە دەکاتە ٢ ملیۆن مارکی ئەڵمانی ئەوکات لەو ناوچەیەلە بنکەی پۆست دەست بەسەردا گرتوەو بۆخۆی بردوە. بەڵام دوای چەندین بەسەردادان و دزین ی لەم جۆرە ولەکۆتاییدا مارشال اسماعیل پاشای کوردی ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی بەسەر هەمەوەند زاڵ بێت و بۆ ئەم مەبەستەش هێزیکی سەربازی ٢٠٠٠٠ کەسی خراوەتە ژێر فەرمان.

هەروەها ئەوکاتە هەمەوەندەکان هێزێکی ٢٢٠٠-٢٤٠٠ چەکداریان هەبوە و لەژێر فەرمانڕەوایی سەرۆکەکانیان دا ئامادەی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیان بوون بە سەربەرزی یەوە.

دوای ئەوەی بەدرێژایی زیاتر لە ساڵێک هەر لە سنوری ئیران لە ڕۆژهەڵات تا زێ ی دجلە لە ڕۆژئاوا و لە حەمرین لە باشور تا دیوارەکانی شاری موسڵ لە باکور ئەو ناوچەیە بە گشتی خۆی لە باری شەڕو پێکدادانداد بوو. بەڵام دوای شەڕو پێکدادانێکی زۆری خوێناوی و بەرهەڵستیەکی زۆری **هەمەوەندەکان** لە ئەنجامدا کەوتنە ژێر دەست و دەسەڵات و بەزەیی سوڵتان عبدالحمید و اسماعیل پاشای کوردی.

لە ئەنجامدا یەک لە سەرانی هەمەوەند بەناوی (جوامێر) لەگەڵ بەشێک لە دواکەوتوانی خۆیان گەیاندە پشت سنورەکانی ئێران و هانایان بردە بەر شای ئێران لە تاران و لەوێدا لەبەر ناوبانگی ئازایەتیان بە پارەیەکی باش بە پیاوی شا دامەزرایێندران.

بەڵام ئەوانەی لەژێر دەستی تورک مابونەوە، بەتایبەتی ئەوانەی بە تۆمەتی کوشتنی ٢٥-٣٠ کەس تاوانبار کرابون وە حوکمی سێدارەدانیان بۆ دەرچووبو بەر لێبوردنی سلطان عبدالحمید کەوتن وبردران بۆ ئەستانە و لەوێدا کران بە پیاوانی پارێزەرانی نزیکی سلطان عبدالحمید.

ئەو چەند هەزارانەی تر کە مابونەوە کە بڕیاربوو بیاننێرن بۆ اسطەنبوڵ بەڵام دوای گەنگەشەیەکی زۆر لەگەڵ نێردراوانی ئەوروپی بڕیاردرا ئەو دزوجەردانە بۆ ئەوەی نەوەک ببنە هۆی تێکدانی باری ئاسایشی شاری ئەسطەنبۆڵ بنێرن بۆ طرابلس لە لیبیاو باکوری ئەفریقیا.

بەڵام دوای دووساڵ زۆربەی ئەوانە توانیان بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان لە چەمچەماڵ و بازیان، بەڵام دوای ئەوەی دیسان کەوتنەوە گەڵ یەک و لێک نزیک بونەوە دیسان تێکهەڵچونی چەکداری لەگەڵ حکومەتی ئەستانە ڕوویدا. سەرۆکی هەمەوەند **جوامێر نەیتوانی لە سوڵطان خۆشبیت و** نەهاتەوە ژێر دەسەڵاتی سوڵطان، هەر چەندە تورکەکان هەوڵی زۆری یاندا بۆ ئەوەی ئێرانیەکان سەرۆکی دزوجەردەکان یان تەسلیم بکەنەوە بەڵام بێ سوود بوو و هەوڵەکانیان سەری نەگرت.

بەڵام وا دیار بوو دوایی لەئەنجامی پێکهاتنیکەوە لە مابەینی محمد پاشای عوسمانی و ژەنەڕاڵ سیلە سوڵطانی اصفهان جوامێریان ڕاکێشی نزیک سلێمانی کردو لەوێدا بەپلان کوشتیان.

کە ئەوەش وای کرد ببێتە هۆی توڕەییەکی زۆری ژنەکەی جوامێر و کەوتە ڕاوەدونانی محمد پاشا و تاکو نزیک دیوارەکانی بەغدا ڕاوی نا بەڵام نەگیرا.

لەوکاتەوە لەساڵەکانی ١٨٩٠-١٨٩١ وە ناوچەکە دەکەوێتە ژێر نائارامی مەترسیەکی زۆری هەمەوەند و حکومەت بۆ ناردنی هەر پۆستێک لە بەغداوە دەبوایە بە ١٢٠٠ سەربازی پارێزەرەوە ڕەوانەی بکات، کە هەفتانە دووجار ڕەوانە دەکرا.

jamil.ahmad@hotmail.de

لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار هەمەوەند پۆستەکانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و دەستیان بەسەر داگرتوە. هەرچەندە سوڵطان هەوڵی دەدا بەهێز ڕووبەڕوویان ببێتەوە، شەڕو پێکدادانێکی زۆر ڕوویدا لە دژی ئەو بەرەگەزدزو جەردانە کە نەدەبەزێندران. هەندێک جاریش بۆ خۆپاراستن خۆیان دەگەیاندە ئەودیوی سنوری ئێران و هەندێک جاری تریش دەپەڕینەوە ئەودیوی ڕووباری دیجلە لە ناوچەی دەسەڵاتی خێڵی عەرەبی شوممەڕ و دوایی دەگەڕانەوە بۆ سەر ڕێگاوبانەکانی حەمرین و دیسان دەیانگرتەوە.

ناوچەکە بەو شێوەیە ماوە تاکو **هدایەت پاشا** لە شەڕیکی گەورەی گەروەکانی چیای حەمرین بەسەریاندا زاڵ بوو. نۆڵدە نوسیویەتی هدایەت پاشا بۆی گێرامەوە لەو شەڕەدا ٢٠٠٠ پیاوی لێ کوژراوە، بەرامبەر ئەوە هەمەوەند تەنها ٤٠٠ کەسیان لەدەست داوە کە بۆئەوان زەرەرێکی زۆر بوە. لەدواییدا هدایەت پاشا لەگەڵیاندا کەوتۆتە گفتوگۆ و پێکهاتوە لەگەڵیان و لێیان خۆش بوە و هەر بە چەکداری هێشتویەتنەوە تا دوایی کە هەندێک لە سەرانی هەمەوەند بە سەرکردەی جەندرمە دامەزراون و هەندێکی تریش موچەی خانەنشینی بۆ بریونەتەوە و هەندێکیشی ناردون بۆ ئەفریقیا. هەروەها نوسیویەتی ئەوەی کە ڕاستی بێت زۆر بە ناعەدالەتی هەڵس وکەوت کرابوو وەبگرە ئەوانەی کە بەژداری شەڕی دژبە حکومەتیان نەکردبوو لەبەشی دووەمی شەڕدا بە بێ تاوانی ڕەوانەی باکوری ئەفریقیا کرابون. بەم شێوەیە نۆڵدە دەڵێت من پێشنیارم کرد دەبێت ئەو هەڵەیە چاک بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو هەڵس وکەوتە نایەکسانی یەی حکومەت ناوبانگی تێکدەدات و زەرەر بە بەڕێوەبەرایەتی یەکەی دەگەیەنێت. وە پێشنیاری ئەوەم کرد بۆ ئەوانەی کە لە طرابلس هەڵاتون بیانگەڕیننەوە و ئەوانەی لە وێدا ماونەتەوە بیانگەڕێننەوە بۆ شوێن و ناوچەکانی خۆیان، بەڵام هەوڵەکانم بێ ئەنجام و سوود بون. Baron Eduard Nolde;1895, S ) (145-147

ئەڵێرە بۆمان دەردەکەوێت کە بەچ شێوەیەک نۆڵدە سەیری یەکێک لە ڕاپەڕینی خێڵە گەورەکانی هەمەوەند کردوە و چۆن بە خێڵەکی بەرەگەز دزوجەردە ناویان دەبات، دیارە تەنها لەبەرئەوەی لەدژی دەوڵەتی تورک و دژی نا عەدالەتی و نایەکسانی و برسێتی ڕاپەڕیون وە ئەو ناونانەی هەمەوەندی بەرەگەز دزو جەردە دیارە هیچ پەیوەندی لەگەڵ ڕاست و دروستی نی یەو تەنها بەرگریەکە لە ناعەدالەتی تورک و شاردنەوەیەکە بۆ نارەوایی بەڕێوەبەرایەتی تورک لە ناوچەکە و نایەوێت زوڵم و نایەکسانی حوکمی تورک لەدژی کورد دەربخات و هەموو تاوانەکە دەخرێتە سەر شانی هەمەوەند و پاساوێکە بۆ شەرعیەتی سەرکوتکردنی کورد و هەمەوەند بە خوێنڕیژترین شێوە وە بۆ ئەوەی تورک ڕووی خۆی سپی کاتەوە بەرامبەر نێردراوە ئەوروپاییەکان و ڕاپەڕینەکانی کورد ڕووڕەش و ڕیسوا و تاوانبار دەربخات. بەڵام هەر لە دواییدا نۆڵدە هەر خۆی باس لە چۆنیەتی ناعەدالەتی و ناڕاستی و نادروستی بەڕێوەبەرایەتی حوکمی تورک دەکات و هەوڵە بی سوودەکانی خۆی دیاردەخات بۆ چاکردنەوەی هەڵەکانی حوکمی تورک و زوڵمەکانیان لە دژی هەمەوەندو کورد. وە دیارە خێڵە عەرەبەکانیش وەک شوممەڕ پشتگیری کوردیان کردوە لەدژی هێرشی تورک ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ بێ تاوانی هەمەوەند لە دزی و جەردەیی.

## تەوەری سێ یەم : مەسەلەی کوشتنی پرۆفیسۆر شۆڵتزی ئەرخیۆلۆگی ئەڵمانی لەساڵی ١٨٢٩

بە ڕای من دوای هاتنی پرۆفیسۆر شۆڵتز بۆ ناوچەی جۆڵەمێرگ و کوشتنی لەوێدا بەدەستی دز و جەردە وای کرد زۆر شتی نادروست و ناڕاست دەربارەی کورد ولەسەر کورد بڵاو بکرێتەوە.

(هەرچەندە کە شا عەباس میرزای تەبریز هیچ بەڵگەکی لەدژی علی خانی میری کوردان نەبوە بۆ تۆمەت بارکردنی بە کوشتنی شۆڵتز بەڵام. وا دیارە لەبەر ئەوەی کە دوژمنایەتی یەکی سیاسی لە مابەینیان هەبوە و نەیاری یەکتری بون بۆیە هەر یەکسەر ئەو تۆمەتە و تاوانەی خستۆتە پاڵ علی بەگ، بۆ ئەوەی شێوەی خۆیی و میللەتەکەی لە کوردانی ناوچەکە ناشیرن بکات وبیشێوێنێت، وە یەکسەر گەفی تۆڵەسەندنەوەی لێکردوە وەک ئەوەی

jamil.ahmad@hotmail.de

چاوەڕێی ئەوە بوبێت. علی بەگ هەڵستاوە بە ناردنەوەی كەل وپەل و ئەو شت ومەكانەی كە شۆلتز لەدوای خۆی بەجێی هێشتوە لەگەڵ ئەسپەكانیش بۆ تەبریز .

(خۆ لەوانەیە ئەگەر ئەو بیكوشتبایە هەموو شتەكانی دەشاردەوەو یاخود لەناوی دەبرد، بۆ دەینارد بۆ نەیارێكی سیاسی گەورەی خۆی.)

## تەوەری چوارەم نوسینی ڕوسەكان

**پەرتوكی مێژووی هەڵمەتە سەربازیەكان لە ئاسیای توركیا لە ساڵەكانی ١٨٢٨-١٨٢٩-١،گ، لایملاین، ئۆبریس ئوشاكۆف وەریگێڕاوە، لایبزیگ، ب ١، ١٨٣٨**

ئەم پەڕتوكە باس لە شەڕەكانی نێوان عوسمانیەكان و ڕوسەكان دەكات ، كە دیارە كورد ڕۆڵی گرنگ ویەكلاكەرەوەی تیادا هەبوە.

كاتێک باس لە پێكدادانەكان و ناخۆشیەكانی سەر سنورەكان دەكات لەمابەینی ڕوسەكان و عوسمانیەكان وفارسەكان بەشێوەیەک ناوی كورد دەهێنێت بەتایبەتی كوردی (ئێریڤان) وەک چەتەو ڕێگر و تاڵانكەر.

لە باسێكدا بۆشاری ئەرزڕوم دا ،كە وەک ناوەندێكی بازرگانی گرنگ دادەنرا و دەكەوتە سەرە ڕێگای كاروانەكانی بازرگانی كوردستان لەمابەینی تورۆس و ئیستانبۆل. هەڵكەوتە جوگرافیەكەی وای كردوە ببێتە بنكەیەكی ئاڵ وگۆڕكردنی بازرگانی نێوان ڕوسیاو فارس و تورک و عەرەب ، .بەڵام كەوتۆتە ژێر گەف و ترس ی ڕاو ورووتی كوردە چەتەكان.(A.G.Laemmlein;1838,S98)

هاوسێیەتی خێڵە كوردە ڕێگر و چەتەكان پێویستی بەچاوكراوەیەكی زۆر كردوەهەر بۆ ئەم مەبەستەش دوو بەتالیون كۆساكی لە كۆماندۆی پیادە بۆ ژەنەرال **پاركڕاتیف** ئامادەكرابوو بۆ پاراستنی سنوور.

(G. Laemmlein;1838,S144. A)

هەروەها ناوچەكە بۆتە مەیدانی بێ كۆتایی ڕێگری وچەتەیی **سۆمچەتیک و بابەكی و شۆڕەگڵ** كە تیایدا دراوسێ یەكانی كوردو **كەرەپاپاخەر** مێگەلە ئاژەڵ و بگرە مرۆڤیشیان بۆ بەرزاییەكان یان دەفڕاند.

(A. G. Laemmlein;1838,S150)

هەروەها لە تێكچوونی باری ئاسایش لە سنوورەكان دەڵێن كوردەكان لەناوچەی پاشایەتی **بایەزید** كە بەشی زۆریان ئەرمەن بوون، كورد ڕۆڵێكی زۆر تێكدەریان بینیوە بە هێرشكردنە سەر ناوەوەی روسیا و تێكدانی باری ئاسایش لە ناوچەكەدا. بەو شێوەیە كوردەكان لە كۆتایی مانگی یونیۆ بە ٤٠٠ سوار هێرشیان كردە سەر گوندی **ئاخوڕ** لەباشوری خواروی نزماییەكانی **ئاڕارات** ، بەڵام خەڵكەكە ئاگاداری پێش وەختیان هەبووەو بۆیە تەنها دوو برینداریان هەبوە.

هەروەها لە ١٣یولیۆ دا هێزێكی گەورەی كوردەكان هێرشیان كردە **سەر سالزبرویكە** لای **كولپا** بەڵام فوجێكی **سێڤاستۆپۆلشن** لەوێدا بوو وتوانیان بەرەنگاریان ببنەوە بەڵام كوردەكان توانیان لەئەنجامدا ٢٧٧٣ سەر ئاژەڵ لە دانیشتوانەكە بدزن. ( A. G. Laemmlein; 1838,S314)

هەروەها باس لە وە دەكات كە كوردانی ناوچەكانی **ڤان و بایەزید** سنوری ڕوسیایان نائارام كردوە بە تاڵانی و جەردەیی. كاتێک پاشای وان بە هێزێكی گەورە هێرش دەكاتە سەر شاری **خوی**، بەڵام ژەنەڕاڵ پانكڕاتیف كە لەوكاتەدا لە ناوچەكە دوور نەبوو نزیک خوی هەڕەشەی لە پاشای ڤان كرد بۆ ئەوەی ناچاری بكات بە كشانەوە ئەویش یەكسەر لە ترسان كشاوە بۆ ناو دیواری قەڵاكەی خۆی و خۆی لە ترسان حەشاردا. بەڵام كە ژەنەڕاڵ لەكۆتایی یونیۆ **كەرەینەی** بەجێ هێشت چوو بۆشاری **خوی** ، سەد كەس لە كوردەكان لەبەرزاییەكانی سەلماس هاتینە خوار و لەلای گوندی **مەگلەم** مێگەلە ئاژەڵێكیان لە لەوەڕگاكەیان برد، بەڵام لەبەر ئەوەی ژەنەڕاڵ **ئێفدۆدیمۆڤ** لەوێدا نزیک بوو دوایان كەوت وڕێگای لەو چەتانە و ڕێگرانە گرت و نەیهێشت خۆیان بگەیەننە ناو گەرو وتەسكایی چیاكان ولە ناو گەلی چیاكان خۆیان حەشاربدەن. بەڵام كاتێک كوردەكان بە تورەییەوە هێرشیان كردە سەر هێزی پیادە ی ئەوان ئەوانیش بەئاگری چەكەكانیان بەرەنگاریان بونەوە و بە شێوەیەكی كوشندە لێیانداندن، كوردەكان شەش

jamil.ahmad@hotmail.de

لاشەیان و چەندین بریندایان لەپاشدا بەجێ ماوە لە مەیدانی شەڕەکە و ئەوانی تر بە هەموو لایەک ڕایانکرد،بەڵام ڕوسەکان یەکێکیان لێ کوژراو سێ شیان لێ بریندار ببو.( A. G. Laemmlein;1838,S315)

**لە بەشی دووەمی پەرتوکەکە ١٨٢٩ :**

سەرعەسکەری ئەرزڕوم باس لە خیانەتی کورد دەکات لە بەدەستەوەدانی شاری ئەرزڕوم بە ڕوسەکان و کورد تاوانبار دەکات بەو خیانەتە.

هەروەها نوسراوە کە چۆن **لێهمان** یەکێک لەو سەرکردە سەربازیانە دەنێرێت بۆ ناوچەکە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەڕاو وڕوتی ودزی وجەردەیی کوردەکان لە ناوچەی ئەرزڕوم و هەوڵدان بە ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵکەکە بە هەڵس وکەوتی چاکی خۆیان بۆ ڕوسەکان.

نوسراوە کە هاتوە کە ڕوسەکان هاتون بۆ ئەوەی خەڵکەکە و گوندەکانی دەوروبەری **ئەرزڕوم** لە ڕاو وڕووتی کوردەکان بپارێزن. (A.G. Laemmlein;1838,S166,163).

بەڵام ئەوەی شایەنی باسە دوژمنانی کورد هەموو شۆڕش وڕاپەڕینێکی کوردیان بۆ ئازادی و سەربەستی لە دژی داگیرکەران بە دزی و جەردەیی ناوبردوەو هەموو چالاکی یەکانیان بە تاڵانی وڕاو و ڕووتی تاوانبار کردوە، ئەوەش بۆ ئەوەی ماف بدەنە خۆیان بەهەموو شێوەیەک قڕی کورد بکەن و توندوتیژی بەرامبەر بەکار بینن و هەروەها بە دڕندانەترین شێوە بەرامبەر کورد بوەستن و وەبگرە پشتگیری نێودەوڵەتیش بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن بێ ئەوەی کەس بەرامبەریان بوەستێت، لەوەش هەردەم سەرکەوتوو بوون.

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە :**

ئەلێرە بۆمان دەردەکەوێت لەلێکدانەوەکانماندا دەربارەی گێڕانەوەکانی لێکۆڵەرەوە بیانیەکان کە چۆن و بەچ شێوەیەکی ناتەواو و سەرزارەکی و ساویلکانە باسی ڕووداوەکان لەو سەردەمە لە کوردستان کراوەو چۆن بەرژەوەندی یە سیاسیەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لەو وەسفانە کە بۆ کورد کردویانە.

لەبەر ئەوەی کورد و خێڵەکان و میرنشین و دارودەستە کوردیەکان سەرشۆڕی داگیرکەرانی کوردستان نەبوون بۆیە بە کێوی و ڕیگرو چەتە و تاڵان کەر تۆمەت باریان کردوون.

هەندێکیان لەو گەڕیدەو لێکۆڵەرە ئەوڕوپیانە لەلایەک هەمان ڕاو بۆچوونی داگیرکەرانی کوردستانیان دەربارەی پێکهاتە ی کۆمەڵگەی کوردی لە هۆز وخێڵ وعەشیرەت و میرنشین و خەڵک وەرگرتوە و هەر وەک ئەوان بە کێوی و ڕیگرو چەتە و تاڵان کەرخوێندنەوەیان بۆ کردوە.

لە لایەکی تربە بێ خەبەری لە پێکهاتەی سیستەم و پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری وای کردوە کە بەکوێری و نەزانی هەڵسەنگاندنی بۆبکەن.

ئەوەی شایەنی باسە دیارە دوژمنانی کورد هەردەم هەموو هەوڵێک وجولانەوەیەکی کوردیان بۆ شۆڕش وڕاپەڕین بۆ ئازادی و سەربەستی بۆ دامەزراندنی هەر قەوارەو هێزێکی کوردی بە دزوو جەردە ناساندوە و بەچەتەیی وڕێگری وەسفیان کردوە و بە تاڵانی وڕاو و ڕووتی تاوانبار کردوە، ئەوەش بۆ ئەوەی ماف بدەنە خۆیان بەهەموو شێوەیەک قڕی کورد بکەن و توندوتیژی بەرامبەر بەکار بینن و هەروەها بە دڕندانەترین شێوە بەرامبەر کوردو دەسەڵاتە سەربەخۆکانی بوەستن و وەبگرە پشتگیری نێودەوڵەتیش بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن بێ ئەوەی هیچ کەس ولایەنێک دژیان بوەستێت، لەوەش هەردەم سەرکەوتوو بون.

ئەلێرەدا دەبینین لەژێر کاریگەری ناحەزان ونەیاران ودوژمنانی کورد زۆر شتی ناڕاست نوسراوە. نەک وە سفی تەنها سەران و شەرکەرانیان وا کردوە بەڵکو هەر هەموو کوردیان بە چەتەو دزو ڕێگر ناساندوە بەتایبەتی بە خەڵکانی بیانی کە لە دەرەوە هاتون و کە سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسەو تێڕوانینە لێرە ئایا میللەتێکی گەورەی وەک کورد دەبێت هەمووی دزو جەردە و ڕێگر بێت؟ لێرە دەردەکەوێت بۆمان کە گێڕانەوەکان هەمووی ڕاست نین و دوورن لە بێلایەنی و زانستی وزۆر ناڕاستی دژ بە کورد گۆتراوە.

لە مەسەلەی کوشتنی پرۆفیسۆر شۆڵتز لە١٨٢٩ دەپرسین ئەو هۆیە چی یە کە وای کردوە کورد پرۆفیسۆر شۆڵتز بکوژێت. ؟ بەڕای من بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێین یەکەم کە لەبەر ئەوەی

jamil.ahmad@hotmail.de

دوژمنایەتی یەکی سیاسی لە مابەینی شا عەباس میرزای تەبریز و میری کوردان علی بەگ لە ناوچەی جۆڵەمێرگ هەبوە و لەبەر دەسەڵات و جیاوازی بیر و باوەڕ ونەتەوە نەیاری سیاسی یەکتری بون بۆیە هەر یەکسەر ئەو تۆمەتە و تاوانەی خستۆتە پاڵ علی بەگ، بۆ ئەوەی شێوەی خۆیی و میللەتەکەی لە کوردانی ناوچەکە ناشیرن بکات وبیشێوێنێت و وە باس لە خان و میرە کوردەکان وەک تاوانبار و خیانەتکار و چەتە بکەن ولە بیانگەیەک گەڕاوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کورد و بیخاتە ژێر گەفی خۆی. وە دوەمیان لەلایەکی تر کوردستان وەک ناوچەیەکی نائارام وترسناک بناسێنێت.

لێرەدا ئەوەمان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێت لەبەرچی ئەو تۆمەتانە بەو شێوە ناشیرنانە دەخرێتە پاڵ کورد و دەسەڵاتەکەی خان و شێوەی بەو جۆرە لەلای بیانیان ناشیرن دەکرێت .کەواتە شا عەباس گەورەترین نەیاری خان بووە بۆیە دەکرێت ئەگەر بگوترێت تۆمەت بۆ خان هەڵدەبەستێت چونکە کوشتنی کەسایەتی لەم جۆرە لە ناوچەی یەکی ژێر دەستی خان نابێ بەدەستی خان خۆی بێت و کەس بە دەستی خۆی خۆی ڕیسوا ناکات. سێ یەم لەلایەکی ترەوە ئەو متمانەی پرۆفیسۆر شۆڵتزیش بە کورد بێ هۆ نەبوە بۆیە زۆر لە ڕاستی دوورە ئەگەر بڵێین خان تاوان بارە.

بەڵام لەهەمان کاتدا کاتێک ئەوروپاییەکان بە میوانی چوون بۆلای کورد بە پارێزەر و میوانداری و دۆست باسیان کردون. کەواتە لێرەدا دوو ڕایی لای ئەوروپییەکان سەری هەڵدا.

ئەوەی کە جێگای تێرامانە ئەوەیە ئایا بۆ نابێت لە میرنشینێکی کوردی باج بسەپێنرێت وڕێنمایی وەربگیرێت، وە هەر زوو بە کێوی و دڕندەو دز ناویان دەبرێت، لە کاتێکدا هەموو دەسەڵات و وولاتێک مافی ئەوەی هەیە. ! لە شوێنێکی تردا بە سەرسوڕمانەوە ئاوا بەناڕاست باس لە کوردو خەڵک وشاری ڕەواندوز دەکەن کە دەسەڵات ویاساو ڕێسای خۆی هەبوە کە بە بی نیزامی و قانونی ناویان دەبەن و دەڵێن نە مل کەچی تورک و نە هی فارسیان کردوە.

لێرە بۆمان دەردەکەوێت کە بەچ شێوەیەک مۆنتایت باس لە میرنشینی ڕەواندووز دەکات بێ ئەوەی دیارە هیچ شتێک دەربارەی ئەو میرنشینە بزانێت، یا چووبێت بۆ ئەم میرنشینە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگادار بێت چۆنە وکێ و بۆدامەزراوەو ئامانجی چیە و بنەماکانی وهۆیەکانی دامەزراندن و دامەزرێنەرانی ببینێت وبزانێت دامەزرێنەرانی کێن.

دیارە کە هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان بەتەواوی کەوتونەتە ژێرکاریگەری نەیاران و دووژمنانی کورد و بیروڕاو وەسفەکانیان بۆ میرنشین ودەسەڵاتدارانی کورد لە مێشکیان چەقیوەو ئەوان چۆنیان تێگەیاندون باوەڕیان پێ کردون وهەڵخەڵەتاون و بەکوێرانە وەریان گرتووە. و وەک زانیاری دروست و جێگەی متمانە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا کردوە بێ ئەوەی لەو هەواڵ و زانیاریانە بکۆڵنەوە و بزانن ئایە ڕاستن یاخود ناڕاستن.

ئامانجی نەیارانی کورد لەمەدا ئەوەبوە کە ناوبانگی کورد لەلای ئەوروپاییەکان تێکبدەن و بەتەواوی بیشێوێنن، بۆ ئەوەی لە پێش چاوی ئەوروپاییەکان نەبنە جێگای متمانە بۆ هیچ هێزێک. وە پەیوەندی باش لەگەڵ کورد و هێزەکانیان دروست نەکەن. هەر بەتەنیا و بێ هاوڕێ بمێننەوە و هەردەم لەکورد بترسن، بەڵکو وەبگرە کورد بە دووژمن و دڕندە دابنێن. بەم شێوەیە پشتگیری هێزە ئەوروپاییەکان بۆخۆیان مسۆگەر بکەن لەدژی کورد هەر کاتێک پێویستی کرد.

باشە ئەگەر دەسەڵاتی کورد و(بلباس) دز و جەردەو تاڵانکەرن بۆئەو دزو تاوانبارانە زیندانی ناکرێن، دوای ئەوەش لەبەر چی شا عەباس میرزا هێرشی سەر ماڵەکانیان دەکات و منداڵ و ژن وپیریان هەموو دەگرن. ئایا منداڵەکان و مەڕو ماڵاتەکانیشیان جەردەو دز و تاڵان کەرن. یان بەڕاستی دەبی هۆکاری تر هەبێت، هەروەک لەسەرەوە باس کراوە لەبەر دەسەڵات و جیاوازی بیر و باوەڕو ونەتەوەیە نەیاری سیاسی یە، وادیارە هیچ پەیوەندی یەکی لەدوورو نزیک بە دزی و جەردەیی نی یە، دوایی چۆن دەبێت یەک هۆز یان خێڵ هەر هەمووی دزو جەردەو ڕیگر بێت. ،ئەوەی ئەوانەش دەسەلمێنێت بریتیە لە گواستنەوەیانە(بلباس) بۆ شوێنێکی تر لەکەنارەکانی ئورمیە نەوەک بۆ زیندانی ، ئەوەش بۆئەوەی

jamil.ahmad@hotmail.de

نەتوانن جاریکی تر ڕاپەڕن و پشتگیری میرنشینی سۆران بکەن.

وا دیارە لای ڕۆولینسۆن پێشکەوتن تەنها بریتیە لە لایەنی شارستانیەت و مادیەت دیارە نازانێت زۆر بەهای مرۆڤایەتی هەیە لە ناو شارستانیەت دا کە ئەودیارە درکی پێ نەکردوە، بەڵام وادیارە وەک مرۆڤێکی شارستانی ڕۆژئاوایی زۆر بەهای مرۆڤایەتی هەیە لەدەستیانداوە و نایبینن و نازانن هەڵسەنگاندنی بۆبکەن و کوێرانە وەسفی میللەتی کوردی کراوە بەو واتایەی ئەو خەڵکەی کوردستان هیچ پێشکەوتنێکیان بە خۆیانەوە نەدیتوە و بە تەواوی لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی دابراون وەک مرۆڤی کۆن ماون و بەچاوی دز و ڕێگر و جەردە سەیری کردون، ئەوەی کە دەمەوێت بیڵێم لەوانەیە کورد لەگەڵ ناتور وسروشت پەیوەندی زۆربەهێزەو زیاتر لەسەر ئەو ڕێرەوە و هەر لەسەر شێوازی کۆن سروشتی ژیاوە، بەڵام هەرگیز واتای ئەوە ناگەیەنێت کە نەزانەو دزەو جەردەیە بەڵکو کورد خاوەنی کولتورێکی بەرزو کۆمەڵگەیەکی پاک وبێگەردەو بەها مرۆڤایەتیەکان زۆر گرنگی پێ دراو بووە و دوور بوە لەهێرشکردنە سەر خەڵک و داگیرکردنی خاکی میللەتانی تر و هەوڵدان بۆ ژێردەستکردنی میللەتانی ترو چەوساندنەوەیان لە پێناو بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانی خۆی، دەتوانین بڵێین لەلایەنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی زۆر توندوتۆڵ و بەباوەڕ بووە و لەلایەنی خێڵەکی پێکهاتەکانی ناو خێڵ و هۆزەکانی بەجیاوازی ڕەگەزو باوەڕو ئاین و ئاستیان لەژێر سیستەمێکی دادوەر و یەکگرتوو ژیاون.

## پاشکۆ

## پێناسەی ناوەکان

**Erd Kunde ئێرد کوندە :**

لە یەکێک لە گرنگترین گۆڤار و بڵاوکراوە دەوریە ئەڵمانییە کانە دەربارەی(زەوی و ووڵاتناسی) و جوگرافیاومێژوو و زانستەکانی تر و هەردەم لێکۆڵینەوە ی گرنگی بڵاوکردۆتەوە.

**Karl Ritter کارل ڕیتەر :**

یەک لە گرنگتـــرین دامەزرێنەرانـــی ئەو گۆڤـــارە پرۆفیسۆر کارل ڕیتەر ە کە مامۆستای زانکۆ و کۆلێژی سـەربازی (١٨٢٥) لە بەرلـین و ئەنـدامی ئەکادیمیـای زانســتی شــاهانە بــوو.لەگەڵ ئەلێکســەندەر هومبۆڵــدت بەدامەزرێنەری زانستی جوگرافیای مۆدێرن دادەنرێت. ئێـــرد کونـــدە بە کـــاری ســـەرەکی وگرنگتـــرین دەسکەوتەکانی کارل ڕیتەر دادەنرێت کە لە مابەینی ســـاڵانی (١٨٢٢-١٨٥٩) بە ٢٣ بانـــد دەرچـــوو .لەهەمان کاتدا ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی زەوی ناســـی ( Deutschebiographie ,2003, 10.01.2020)بەرلین بووە لە ساڵی ١٨٢٨.

**Vambery هێرمان ڤامبێری :**

لە سلۆڤاکیا لە ١٨٣٢ لەدایک بوە ولە بوداپێست لە ساڵی ١٩١٣ مردوە.ڕۆژهەڵاتناسێکی جوو بووەو زمانەکانی تورکی و فارسی و عربی بە باشی زانیوە،لە ٢٢ ساڵی لە ئیستەنبول ژیاوەو دیالیکتە تورکیەکانی بە باشی زانیوە. چەندین پەرتوکی لە تورکی و ئەڵمانی وەرگێڕاوە.برادەرو دۆستی سوڵتان عبدالحمید بووە و، هەوڵی داوە تۆرانیزم بە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بە زانستیانە بسەلمێنێ. مامۆستا بووە لە زانکۆی بوداپست.

**Dr.Eduard Sachau د.ئێدوارد ساخاو :**

ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانیەو لەساڵی ١٨٤٥ لە دایک بوە و لە ١٩٣٠ مردووە. مامۆستای زانکۆی ڤیننا وبەرلین بوە.هەروەها ئەندامی ئەکادیمیای زانایانی ڤینناو بەرلین بووە.

**j. Rich جەیمس ریچ :**

ئەرخیۆلۆگیەکی فەرەنسیە و لە ١٧٨٧ لە دیۆن لە دائک بوە.یەکەم کەس بوە کە بە دروستی لێکۆڵینەوەی ئەرخەلۆگی دەربارەی میسۆپۆتامیا ئەنجامدا. نوێنەرو کۆنسوڵی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندی لە بەغداد بوو، زمانەوان و ئەنتیکە کۆکەرەوە بوو.

**Maj.Rowlinson مەیجەر ڕۆڵینسۆن ( ١٨١٠-١٨٩٥ ) :**

**لە بەریتانیا لەدایک بووە** لە ساڵی ١٨٢٦ چۆتە بەر خزمەتی سەربازی بەریتانی لە کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندستان.زمانی فارسی زانیوە.چۆتە ئێران بۆ مەشق پێکردنی سەربازانی شا لەدواییدا چووە بۆ بەغداو، زیاتر پەرەی بە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر نوسینی مسماری داوەو لێکۆڵینەوەی کردوەو لەسەر چیای بێستون و میسۆپۆتامیا.

**Ker;Porter کێر پۆرتەر (١٧٧٧-١٨٤٢) :**

**سکۆتلەندیەو دیپلۆمات وگەڕۆک و هونەرمەند و نیگارکێشێکی بەریتانی بوو بە گەشتەکانی بۆ روسیاو ووڵاتی فارس و ئیسپانیا بەناوبانگە.**

**Lient n. Colon. Monteith کۆلۆنێل مۆنتایت : 1864-1790**

**سەربازێکی ئینگلیزی بوو دیپلۆمات و مێژوونوس بوو لە کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیند بوو**

**Eli Smith ئێلی سمیث1801-1857 :**

jamil.ahmad@hotmail.de

**نێردراوێکی لێکۆڵەرەوەیەکی مسیونێری مە سیحی ئەمریکی یە لەگەڵ دوایت گەشتی بۆ ئەمریکاو جیۆرگیاو فارس ئەنجام داوە.**

**harrison Gray Otis Dwight**

**هاریسۆن گرەی ۆتیس دوایت 1803-1862 :**

**نێردراوێکی لێکۆڵەرەوەیەکی مسیونێری مە سیحی ئەمریکی یە لەگەڵ دوایت گەشتی بۆ ئەمریکاو جیۆرگیاو فارس ئەنجام داوە.**

**John Macdonald Kinneir) M. Kinneir)**

**جۆن ماکدۆناڵد کنایەر:**

**١٧٨٢- ١٨٣٠ ئەفسەرێکی سکۆتلەندیەوسەر بە کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندیە و دیپلۆماتێکی بەریتانی بوو. لە ساڵانی ١٨٠٨-١٨١١ بەڕژداری میسیۆنی ئێران و ئاسیای نزیکی کردوە. ١٨١٠ گەشتی بەغداو موسڵی کردوە و لەوێدا ڕووتکراوەو بریندارکراوە لەلایەن عەرەبە کۆچەرەکان، دوایی چووەتە دیاربەکر و گەڕاوەتەو بەریتانیا و ١٨١٣ گەشتەکەی نوسیوەتەوە و بڵاوی کردۆتەوە.١٨٢٦ بۆتە نوێنەری بەریتانیا لە وولاتی فارس.لە تەبریز هەتا ساڵی ١٨٣٠ لای شاە ماوەتەوەو بەنەخۆشی لەوێدا مردوە.**

**James Baillie Fraser جیمس بایلیە فرەیسەر:**

**وێنەکێش و شاعیر و نوسەرو گەڕۆکێکی بەریتانی یە، لە ١٧٨٣ لەدایک بوە و لە ١٨٥٦ مردوە، سەردانی هیندو وولاتی فارس ی کردوە وبە نەخشەو وێنەوە لەسەر هیندو ئاسیای بچوکی نوسیوە. بەهۆی ترسەکانی پێشوەچونی ڕوسیاوە لە تورکیا حکومەتی بەریتانیا ئەوی ناردوە بۆ لێکۆڵینەوە لە وولاتی فارس و لەگەڵ شا قاچاریەکان چەندین جار چوە بۆ بەریتانیا کە بۆ داوای یارمەتی دەچون لە ترسی ڕوسیادا.**

## سەرچاوە ئەڵمانیەکان:

Die Erd Kunde von Asien ,im Verhältnis zur Natur und zur Geschichte des Menschen, West Asien :Carl Ritter(1840), Drittes Buch, Neunte Teil, Berlin, G. Reimer.

Hermann Wambery (1867): Meine Wanderungen und Erlebnisse in Persien, Gustav Heckenast, S

Dr.Eduard Sachau(1883): Reise in Syrien und Mesopothamien, Leipzig, F.A.Brockhaus.

A. G. Laemmlein; Obrist Uschakoff (1838): Geschichte_Der_Feldzüge in der asiatischen Türkei während der Jahre 1828 und 1829 , Erste und Zweite Teil, Leipzig, Ch. E. Kollmann.

https://www.deutsche-biographie.de/(2003), 10.01.2020.

Baron Eduard Nolde(1895): Reise nach Innerarabien, Kurdistan und Armenien,1892, Braunschweig, Druck und Verlag von Friedrich Vieweg und Sohn.

Grafen Helmut von Moltke: Gesammelte Schriften und Denkwürdigkeiten des General Feldmarschal Helmot von Moltke(Briffe über zustände und Gegebenheiten in der Türkei, 1893, Ernst siegfried Mittlere und Sohn, königliche hofbuchhandlung, kochstr 68-70, Berlin.

jamil.ahmad@hotmail.de

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتى وكومەلناسى)، بپ 113-130، 2021 (ژمارەكا تايبەت)
كونفرانسێ زانستى يێ نيڤدەولـەتى يێ دووێ، پشكا مێژوو-كولێژا زانستێن مروڤايەتى-زانكويا دهوك-رێكەفتى 24-25 شوبات، 2021

## صورة الكرد وكردستان عند المستشرقين الألمان خلال القرن التاسع عشر
## دراسة تحليلية نقدية

**الخلاصة**

**فى هذا البحث يتم عرض تحليلى لبعض لاراء المستشرقين والباحثين الالمان والاوريپيين تجاه الكرد فى القرن التاسع عشر فى المنشورات الالمانية ويستعرض الأخطاء والاهمال فى الاعتماد على المعلومات الخاطئه الذى اعتمدوها فى كتاباتهم دون الرجوع الى الحقائق والتأكد من صحة هذه المعلومات.**

**ويظهر كيفية تأثرهم فى سرد المعلومات بآراء اعداء الكرد وعدم سرد الحقيقه وتأثرهم بالمصالح السياسية فى وصفهم للكرد وثوراتهم وحركاتهم وإماراتهم بالحركات التخريبيه وللكورد بقطاع للطرق وقتله.**

**وكمثال يتم عرض لآراء الآلمان والانگليز و الروس وكيفية وصفهم للكرد وحركاتهم وسلطاتهم حسب أمزجتهم ومصالحهم السياسية دون أى إهتمام بحقيقة ما يسعى إليه الكرد الى الحرية وتطلعاتهم السياسية المشروعة. بل كلما تحرك الكرد لبناء أى كيان حر سرعان ما واجهتهم الاعداء والمحتلين لهم للقضاء على كيانهم الحر بشراسة ودون هواده متهما إياهم بالتخريب وقطاع الطرق والعمل لتشويه كيانهم وثوراتهم بهذه الاتهامات.**

***الكلمات الدالة:*** تاريخ الكرد الحديث، المستشرقون الألمان، القرن التاسع عشر

## THE IMAGE OF THE KURDS AND KURDISTAN AMONG THE GERMAN ORIENTALISTS DURING THE NINETEENTH CENTURY.
A CRITICAL ANALYSIS STUDY

**A**HMAD **J**AMIL
University Of Regensburg-Germany

**ABSTRACT**

**In the following report, an analysis of the opinions of German and European scholars and scholars about the Kurds is presented in an analysis In the nineteenth century in German publications, it reviews errors and negligence in relying on the wrong information that they used in their writings without referring to the facts and making sure that this information is correct.**

**And it shows how they interact in informing the views of the enemies of the Kurds and not telling the truth and their influence on political interests in their description of the Kurds and their revolutions and their movements and their emirates sabotage movements and the Kurds in the sector of roads and killers.**

**For example, the views of the Germans, the English and the Russians, and how they describe the Kurds, their movements and their powers according to their mixes and political interests, are presented without any interest in the truth of what the Kurds seek freedom and their legitimate political aspirations. Rather, whenever the Kurds moved to build a free entity, the enemies and the occupiers quickly confronted them to eliminate their free entity fiercely and without guilt, accusing them of sabotage, bandits and work to distort their entity and their revolutions with these accusations.**

***KEY WORDS***: Modern history of the Kurds, German orientalists, nineteenth century

jamil.ahmad@hotmail.de